71

سێبەر و سایە

دووتوێی هەفتانەی کەلتوریی رۆژنامەی کوردستانی نوێیە ئەم ژمارەیە تایبەتە بە مەحمود مەلا عززەت

سالْی بیستو شەشەم ژمارە: (٧٣٣٦) چوارشەممە ٩ / ٨ / ٢٠١٧

مەحمود مەلا عززەت، کاروانێک کە هەرگیز کۆتایی نایەت

وێستگەی مامۆستا مەحمود

به شانازییەوە کوردستانی نوێ، کوردستانی نوێکەی سەرۆک مام جەلال، ئەم دووتوێ تایبەتییەی سێبەرو سایە دەکاتە دیارییەکی بچووک بۆ رێوڕەسمی یادی مامۆستا مەحمودی مەلا عززەت، کە دەکرێ رۆژی یادەکەی، یادی سەرفرازیو شانازیش بێت بۆ هەموو زیندانیانی خۆڕاگرو بەورەکانی سەبری ئەیوب لە بەرامبەر ستەمکارانی بەعسدا.

بۆ ئێمە لە کوردستانی نوێ مامۆستا مەحمود هەر مێژوونووس، رووناکبیرو کەسایەتییە کوردپەروەرە دیارەکەی شاری کوردایەتیو شۆڕش، شاری سلێمانی نییە، بۆ ئێمە مامۆستا مەحمود سەرنووسەری قۆناغێکی گرنگی رەوتی رۆژنامەکەشمانە، قۆناغی دەیەی دووەمی تەمەنی کوردستانی نوێ کە قۆناغی جێگیرکردنی پرەنسیپە رووناکبیریو فەرهەنگییەکانە بەجۆرێک رۆژنامەکەی یەکێتی سەردەمی پێویستی حزبییانەی خۆناساندن تێپەڕێنیو ببێتە رۆژنامەیەکی گشتی نیشتمان. ئەو رەهەندە هەر بەخاوەن نەزەرانو رووناکبیرانی وەکو مامۆستا مەحمود دەکرا کە مێژوونووس، رووناکبیرو کوڕی کایەی سیاسەتی فراوانترە لە حزبایەتی، ئەگەرچی ئەو خۆشی حزبییەکی مولتەزیمو بەئاگا بوو.

بۆ ئەو ئامانجە مامۆستا مەحمود هەموو شارەزایی خۆی، هەموو سەنگی کارایی خۆی لەناو یەکێتیو بزووتنەوەی کوردایەتیو هەموو تۆڕی فراوانی پەیوەندیو ناسیاوی خۆی لە بواری رووناکبیریو سیاسیو کۆمەڵایەتیشدا خستە خزمەتی کوردستانی نوێ-وە.

لە قۆناغی دووەمیشدا کوردستانی نوێ خۆی ناوبوو، ناوی مەحمودی مەلا عززەت کوردستانی نوێی درەوشاوەتر کردو رۆژنامەکەی خستە بەردەم بەرپرسیارێتی ئەوەی بەو نازناوەوە لێپرسراوێتی سەرشانی خۆی وەکو رۆژنامەی حزبێکی نیشتمانیی خاوەن بەرپرسیارێتیو خاوەن دیدی کراوەو روون لەسەر ئەرکەکانی سیاسەتو رووناکبیریو ئەرکەکانی میدیا باشتر جێبەجێ بکات.

کوردستانی نوێکەی سەردەمی مامۆستا مەحمود لەبەر ئەو سەنگە ناوی پەیداکرد کە چۆنایەتی بوو با ماوەکەشی کەم بێت. بەو مێژووە کەمەی سەرنووسەرێتییەوە، کوردستانی نوێ خۆی لە درەختی رەگ ئاژۆی مێژوونووسو رووناکبیرو تێکۆشەرێکی وەکو مەحمودی مەلا عززەت ئاڵاندووە تا ئەو دەورانە بخاتە سەرباری دەورە گەورە نیشتمانیو نەتەوەییو دیمەکراتییەکەی خۆشی لە خزمەتی کوردی دوای راپەڕینو کوردستانی نوێ-دا، بەسەربەرزییەوە بڵێ لەم وێستگە بیستو شەش ساڵییە پڕ خزمەتەدا، ساڵانم لەگەڵ مامۆستا مەحمودیش هەیە.

یادی بەخێر بێو سێبەرو سایەی خزمەتەکانیو خەونەکانی هەر بمێنێ.

کوردستانی نوێ

ڕازی هۆشیاری و هۆش

مەحمود مەلا عززەت
ئابی ١٩٨٣

کاتێک ویژدان ئەجوڵێ و گیانی مرۆڤ ئەبزوێنێ و.. سۆزی هەستی ناسک ئەلەرێنێتەوە و... دڵی ساردوسڕ گەرم و وریا ئەکاتەوە... کاتێک ویـژدان هەستی مـات و خامۆش ڕائەچڵەکێنێ و هۆشیاری ئەکاتەوە و.. ڕازی زام و جەستەی ئـازاردراوی پێ ئەگەیەنێت.. ئەو کاتە مرۆڤی ناو ڕووداو و کارەسات سەرنجی دەوروپشتی خۆی ئەدات و هۆشی دێتەوەبەر و ژیرانە شوێن پێی هەنگاوەکانی ئەبینێ و باری سەرنجی چڕ و تیژ و ووردتر ئەبێت.. هەر لەو ساتانەشدا تێ ئەگات... بۆچی ویـژدانـی هاتۆتە جوڵە و چی کـاری لەسەر کـردووە.. هۆی مات و خامۆشی.. و سڕو وورِی بۆ دەرئەکەوێت و ئەزانێت لە جیهانێکی ئاڵۆز و جەنجاڵدا ئـەژی.. ئەبینێت و تێ ئەگات جیهان هەمووی تۆڕ و داوە.. هەموو ڕۆژ و هەموو ساتێک دەیان و سەدان بێتاوانی تیا گیرۆدە دەکرێ و بە ئازار و لەشی پوکاوەوە بێگیان ئەکرێن.. تێی ئەگات جیهانی زۆرانبازی ژیان و مردنە.. دیاردەی پێکادانی ئـازادی و کۆیلەیەتی‌یە.. هی بەختیاری و ئاوارەییە.. ململانێی چـەوسـاوە و چـەوسـێـنـەرە.. هی داگیرکراو و داگـیرکـەرە.. شـەڕی بـێ دەسـەڵات و ڕووت ڕەجاڵیە دژی دەسەڵاتدار و خاوەن سامانە چاوچنۆکەکان.. لەو ڕاستی‌یە ئەگات کە ئەو زۆرانبازی‌یە سیمای ژیانی مـرۆڤـە.. دەرکـی پـێ ئـەکـات کە "هەستی خەڵک.. شوێن و جێگەیان دیار و دەستنیشان ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، شوێن و جێگەیان هەستیان دیـار و دەستنیشانی ئەکات.." ئەو ساتەش خۆی ساغ ئەکاتەوە و... بـەرەی چەوساوە و زۆرلێکراوان هەڵئەبژێرێت و هەروەکو دەرۆێشی ناو ئەم شانۆگەری‌یە ئەبێتە سەربازی ئەو بەرەیە و تێکەڵی ئێش و ئازارەکانیان ئەبێت..

و واتە: لە ناو ئازار و ئەشکەنجەی ئەو زۆرانبازی‌یە و لە ناو قووڵایی ئێشی بێ دەسەڵاتی و ئازاری دەستی خوێن ڕێـژان و.. لە ناوجەرگەی چەرمەسەری و زەحمەتی خۆگرتن و وورە بەرنەدان.. لەبەردەم کەرەسەی ئەشکەنجە و زەبر و پەلاماری بێ بەزەییەکان..هەستی هۆشمەندی زیاتر هەستیار ئەبێت و ئەگەشێتەوە و چرۆ ئەکات.. هۆی پەژارەیی و نەهامەتی و چەوسانەوەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە و.. مرۆڤ ئەبێتە خاوەن کێشە و ئیتر ڕێبازی خەبات و ئامانجی بـەرەی چەوساوەکان هەڵئەبژێرێ و ئەبێتە سەربازی ئەو کاروانە.. ئەگەر چەکی بەدەستەوە بوو وا پێشمەرگەیەکی سەنگەری پێشەوەی ئەو کاروانە پڕ لە شانازی و سەروەری‌یە ئەگەر پێنووسیشی گرتە دەست ئەوا ئەبێتە جوڵێنەرێت وزەی مات دراوی هەژار و چەوساوەکان.. ئەبێتە مۆمی ڕۆشن کـەرەوەی ڕێبازی زۆرلێکراوانا دژی باری نالەباری ژیانی هاوڕێ و هەڤاڵ و برادەرانی..

کێشەی ناو زۆرانبازی مرۆڤیش، لە هەموو سەدەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا، هەر لەو سەردەمەوە کە خاوەنداریێتی تایبەتی پەیدا بووە، کێشە و مەسەلەی ژیـان بـووە.. ژیانیش مانای ئازادی و بەختیاری و ئاسوودەیی و ئاسایش و سک نێری بـووە.. مانای ژیانی دوور لە ئازار و چەوسانەوەی مـرۆڤ بە دەستی مرۆڤ بووە.. مانای ژیانی هاوسانی و یەکشانی بووە.. جا لە ناو زۆرانبازی ئەو کێشەیەدا، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا چەوساوە و زۆرلێکراوان دژی چەوسێنەر و زۆردار و داگیرکەران جەنگاون.. چەند مرۆڤ و خەباتی و کێشەکەی.. تووشی نوشوستی و هـەڵـنـوتـان و گـلان و کـەوتـن بووبێت.. لەوە زیاتر بەتوانا و ووزەتر لەژێر داروپـــەردوی نوشوستیەوە هەڵساوەتەوە و بەرەنگاری زۆرداران بـۆتـەوە.. کێشەکەی نەشونومای کـردووە و گەشاوە تر بووە و ئیتر لە ووزەی هیچ کەسێکدا نەماوە کە دەنگی دلێری مرۆڤ کپ بکات.. زیاتر لەوەش.. وە لەو ڕێرەوەدا و لە دواپلەی هێرشی زۆرداران ولوتکەی تەوژمی چەوسانەوەدا.. لە توندوتیژترین کاتی بەکارهێنانی ئاگر و ئاسندا.. لەو بارودۆخەشدا کە مرۆڤی بێتاوان و بێ ئاگا ئەکرانە قۆچی قوربانی.. زیاتر مرۆڤ هەستیار و هۆشمەند بووە و باشتر هەستی ئازاردراوی ژیاوەتەوە و خوێنی گەرم و نوێی کردۆتە لەشەوە و.. بۆتە ئاگردانی گەشاوەی خەبات و ژیلەمۆی سووتێنەری دوژمن و.. بڵێسەی خەباتی مرۆڤ زیاتر کڵپەی سـەنـدووە و.. کـەم و زۆر قـەڵای زۆردارانـــی هـەژانـدووە و گەندەڵ و لەرزۆکی کردووە و جاربەجارێکیش هەرەسی پێهێناوە.. یا هـەر هیچ نەبێت، دەروێشانە.. بەرامبەریان وەستاوە و ملی بۆ تاوانی زۆرداران دانـــەنـــەوانـدووە و خـۆی کـردۆتـە قوربانی دەستگرتن بە ڕاستی‌یەوە، بەڕاستی بێتاوانی‌یەوە. بە بێتاوانی چەوساوەکانەوە.. بەڕاستی و ڕەوانی خەباتی هەژارانەوە.. بەوەش هەست و هۆشی سەدان نووستووی ئاگادار کـردووە و ڕاستی کێشەی مرۆڤ و مەسەلەی ژیانی بۆ دەرخستوون و بۆتە مەڵبەندی گەیاندنی ڕازی هۆشیاری و هۆشمەندی.

چونکە لە ناو ئەو زۆرانبازی و خەباتەدا.. لە ناو ئەو بوون و ژیانەدا، ئیتر لە ناو زیندان و سارداوەکانا بێت یا لە ناو ژیانی ژێر سایە و سێبەری دام و دەستگای تۆقێنەری داگیرکەر و چـەوسـێـنـەردا بـێـت.. مـرۆڤ.. سەرجەم مـرۆڤ.. دوو ڕێگە و دوو ئامانجی لەبەردەمدا بووە:.. ڕێگەی خەباتی زۆرلێکراو و چەوساوەکان بۆ ڕزگاری و سەرفرازی و بەدیهێنانی ئاواتەکان.. وە یا ڕێگەی خۆمات کردن و دەست گرتن بە کڵاوەوە کە با نەیبات.. بۆ ژیانی ناو چەوسانەوە و زۆرداری. ئـەوانـەی یەکەم ڕێ ئەگرن و نەبەزانە ئەچنە مەیدانی خەباتەوە.. دەرک بەوە ئەکەن کە هەر ئەوە تەنها ڕێگەی سەرفرازی و سەربەرزی و سەرکەوتنە کە لە ڕزگار بوونا یا لە نوشوستی و تیاچوونا.. تێکەڵی خوێن و هەستی هەموو هاوڕێی و ئاشنا و دۆستەکانی ناو کێشەکەی مرۆڤ و نەتەوەکەی ئەبێت و.. هەروەکو ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی جیهانەکەی.. بەزەردەخەنە و جریوەی ناو شەوەزەنگ.. پەیکەری هـەمـیـشـەزیـنـدووی بـۆ هـەمـوان دەرئـــەخـــات. ملکەچانی ڕێـگـەی دووەمیش هەموو ڕۆژێک سەدان جار ئەمرن و زیندوو ئەبنەوە و.. هەمیشە تارمایی مردن لەبەرچاویانە و.. لە کۆتایی ئەو ژیانە پڕ لە چەرمەسەری و زەلیلی و ترسنۆکیەشدا.. کفنی دوا مردنی لە نەفرەتی هەموو ئاشنا و دۆستەکانی دروست ئەکرێت..

ئـەم کێشەی ژیانی مرۆڤەش.. ئەو زۆرانبازی و ململانێیە، لە هەموو سەردەمێکا.. لە ئێستا و دوارۆژیشدا، لە چەند وێنە و شێوە و ڕێچکەیەکدا ڕەنگ ئەداتەوە و خۆی ئەنوێنێت.. وێنە و شێوە و ڕێچکەیەکی گرنگی ئەو ڕەنگ دانەوەیە.. ئەدەبە.. چڵێکی

لەبەرهەمە بڵاوکراوەک...







یەکەم-نوسین و دانراو:

١-دیپلۆماسێتیی بزوتنەوەی کوردایەتی، سلێمانی ١٩٧٣.

٢-کۆماری میللی مەهاباد.
*چاپی یەکەم: کوردستان ١٩٨٤ (یەکێتیی‌نوسەرانی کوردستان بەچاپی گەیاند).
*چاپی دووەم، ستۆکهۆڵم ١٩٨٦.

٣-ڕەگ و ریشەی مێژوی تەقەلای بەعیراقیکردنی کوردو مەسەلەی کوردستان. سوید ١٩٨٧.

٤-کـوردو ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، کوردستان-١٩٨٨ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان چاپی کردو بڵاوی کردەوە).

٥-دەوڵەتی جمهوری کوردستان-نامەو دۆکومێنت-بەرگی یەکەم، ستۆکهۆڵم-١٩٩٢.

٦-دەوڵەتی جمهوری کوردستان-نامەو دۆکومێنت-بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم-١٩٩٥.

٧-دەوڵەتی جمهوری کوردستان-نامەو دۆکومێنت-بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم-١٩٩٧.

٨-بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد،
چاپی یەکەم، سلێمانی-١٩٩٨ بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیری گەلاوێژ بەچاپی گەیاندو بڵاوی کردەوە.
چاپی دووەم، سلێمانیی-١٩٩٩ (لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.)

٩-کاروانی بێ کۆتایی،
-چاپی یەکەم سلێمانی-٢٠٠٠
(دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).
-چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٠
(لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی چاپکراوە).

دووەم-وەرگێڕان:

١-دەروێـشـەکـان بـەدوای راسـتـیـدا ئـەگـەڕێـن، شانۆگەرییەکی سیاسییە، نوسینی:مستەفا حەللاج. لەگەڵ نوسینی پێشەکییەک بۆ دەقە کوردییەکەی.
- چاپی یەکەم، ئۆپسالا-١٩٨٣.
-چاپی دووەم-سلێمانی٢٠٠٠.

٢-جـوڵانـەوەی رزگاریخوازانەی کـورد لەخەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسیی، نوسینی: پـرۆفـیـسـۆر رادوڤـــان پـاڤـیـچ، لـەگـەڵ نوسینی پێشەکییەکو ڕێکخستنی فەرهەنگیلەیەک بۆ دەقە کوردییەکە.
-چاپی یەکەم-ستۆکهۆڵم-١٩٨٥.
-چاپی دووەم- کـوردسـتـان-١٩٨٦ (کـۆمـەڵـەی

ـــــــمەنـدی

بەرز و سەوز و بەرداری ئەدەبیش، چیرۆک و شانۆگەرییە.. ئەو چیرۆک و شانۆگەریانەش کە زادەی بیر و نووسین و بەرهەمی چەوساوە و ئازاردراوەکانی کۆمەڵ و.. هۆشمەند و هۆشیارەکانی ناو کارەسات بن.... وا لەبار و ڕاستترین هەست و نەست و خواستی مرۆڤ و هەڵوێستی مێژوویی جەماوەر دەرئەخەن.. و جوانترین و ڕاستگۆترین دیمەنی ئەو زۆرانبازییە مێژوو کردە ئەنەخشێنن.

وە سەبارەت بەوەش کە کێشەی مرۆڤی چەوساوە و ئازار دراو.. کێشەی ژیانی مرۆڤە. کێشەی ئازادبوونە لە دەست کۆیلەیەتی.. کێشەی ڕزگاری و بەختیاری و ئاسوودەییە.. کێشەی خەباتی دژ بە داگیرکردنە لە سەرانسەری جیهاندا.. بۆیە هەردەم مرۆڤی ناو ئەو بارودۆخە لەیەک بەرەدا یەکیان گرتووە.. بەرامبەر داگیرکەر و زۆردار.. ئیمپریالیزم و چەوسێنەران. خەباتی کردووە.. وە دووبەرەی ئاشکرا و دژبەیەک دوو بیر و دوو ڕێگەی جیاواز هاتوونەتە ئاراوە.. هەموو مرۆڤ.. هەموو هەژار و چەوساوە و زۆرلێکراو و داگیرکراوەکان لەبەرەیەک.. هەموو داگیرکەر و زۆردار و چەوسێنەر و ئیمپریالیزم لە بەرەیەکی جیاواز و دژدا.. بۆیە.. ئەم جیهانە خۆی بۆتە شانۆیەکی گەورە و.. مرۆڤ و مرۆڤایەتیش بۆتە پوختەی ناوەڕۆکی ڕووداوەکان "جەوهەری زۆرانبازییەکە ئیتر لە هەموو سەردەمەکان، لەسەر ئەم شانۆیە سەدان و هەزاران شانۆگەری جۆر بە جۆر.. ڕوویداوە.

شانۆ بچکۆلەکان مرۆڤیش بچوک کراوەی شانۆ گەورەکەن.

شانۆگەری و چیرۆکەکانیش.. پوختەی کورت کراوەی ئەو ڕووداو و کارەساتانەی مرۆڤن و دیمەنی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤن.. ئەو جیاوازیانەش کە لە کێشەی مرۆڤی ئەم وڵات و ئەو وڵاتدا دەبینرێن.. سەرچاوەکەی هۆی جیاوازی باری خۆیی و بابەتی و تایبەتیەکانی ناو هەر کۆمەڵ و گەل و نەتەوەیەکە...

بۆیە لەگەڵ ئەو یەکێتی و یەک بوون و یەک گرتنەشدا لە کێشەی مرۆڤدا.. وە لە ناو ئەو جیاوازی و ڕووداوی جۆربەجۆرەدا.. ئەتوانین بڵێین کێشەی مرۆڤی کورد.. کێشەی نیشتمانیی کوردستان.. جێگە و شوێنی تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەوسانەوە و ئازاردانێک بووە.. کە لە ناو چەوساوە و زۆرلێکراوەکانی جیهاندا بێ وێنە و بێ هاوتا بووە. ئەمەش هەر سەبارەت بەو بارە تایبەتی‌یە بێ هاوتایەی کوردستان و نەتەوەی کوردەوەیە.. سەبارەت بە ژیانە پڕ لە کوێرەوەری و مەینەتی نەتەوەی کوردەوەیە کە لە سەرچاوەدا ئەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردن و چەوساندنەوەی هەموو جۆری سێ لایەنی: یەکەمیان.. ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی ئیمپریالیستی و داگیرکردنی ناوچەکە و دابەشکردنی کوردستان و بەستنەوەی هەر پارچەیەکی بە دەوڵەتێکەوە کە هەر لە سەرەتاوە ویستویانە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەناوبەرن و هەر دەنگێکی ناڕەزاییش بەرزببێتەوە خەفەی بکەن. دووەمینیان: چینی دەسەڵاتداری نەتەوەوی کاربەدەست و سستێمی ڕەگەزپەرستانەیان و.. سەپاندنی دەسەڵاتی توندوتیژی ناوەندی و بێبەش کردنی گەلی کورد لە سادەترین مافی نەتەوایەتی و مافی مرۆڤ و.. کە بۆ بەدی هێنانی مەبەستەکانیان دڕندانەترین شێوەی چەوساندنەوە و داگیرکردنیان گرتووە و.. بۆڕی ئیمپریالیزمیان پێ داوە.. نەک هەر ئەوە.. بەڵکو هەردەم ویستویانە قەوارەی نەتەوایەتی گەلی کورد هەڵ بتەکێنن و لە ناوی بەرن و شوێنەواری کوردستان وەکو نیشتمانی نەتەوەی کورد بسڕنەوە. سێهەمینیشیان: چەوسێنەری خۆماڵی کورد خۆی کە چینی دەرەبەگ و بەشە پێگەیشتووەکەی چینی بۆرژوایە.. هەرچەند نەخەملیو و بێ هێزیش بێت.. کە بوونەتە پایەگای چەسپاندنی دەسەڵاتی پایەتەخت و گرێدانی بەرژەوەندی ئابووریان کە بە هاوکاری و هێز و توانای هەردوو لا جەماوەریان چەوساندۆتەوە...

گەلی کورد لە ناو گێژاوی ئەو چەوساندنەوە چەند لایی و جۆربەجۆرەدا.. لەگەڵ بەکارهێنانی ئایین و ململانێی مەزەبی و گەلێ هۆی تر.. لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکانیان دوو چاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینانی و.. ئازار و ئەشکەنجەیەکی ئەوتۆ بووە کە بێ وێنە و بێ هاوتایە... نەک هەر سەبارەت بەو بارە ئاڵۆز و دابەشکردن و فرەدەسەڵات و داگیرکردن.. وە نەک هەر لەبەر ئەوەی دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد لەم زیندان و ئەو زینداندا دووچاری دڕندانەترین ئەشکەنجە بووە.. بەڵکو بە هۆی ئەوەشەوە کە هەر نیشتمانەکەی لێ کراوەتە زیندانێکی گەورە و هەزاران کارەساتی ناهەموار و ڕووداوی دژواری لە ناوا ڕوو ئەدات و زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی خراپتر لە دەروێش دووچاری ئەو جۆرە کێشانە کراون.

لەبەرئەوەی خوێنەری کورد کە ئەم شانۆگەرییە ئەخوێنێتەوە یەکسەر ئەچێتە ناو ڕووداوەکانیەوە و بارودۆخی کوردستانی وێنە و بیر و هەموو کارەساتەکان لەبەرچاویا دووبارە ئەبیتەوە.. هەرچەندە زۆر کوردی هۆشمەند گەلێ ڕووداوی لەو جۆرە و زۆر خراپ و ئاڵۆز و ناهەموار تریشی بیستووە و بینیوە.. وە هەموو ئەوانەی دووچاری زیندانەکان بوون ئەگەر بەسەر خۆیاندا نەهاتبێ وا بە چاوی خۆیان بینیویانە و لە ناویا ژیاون.. بەڵام لایەنی گرنگ و بایەخدار لە خوێندنەوەی ئەم شانۆگەریەدا.. وەستایەی نووسەرەکەیە. کە زیرەکانە بە باشترین شێوە ڕووداوەکانی دارشتووە.. وە وەکو خاوەن تاقیکردنەوەی ناو زیندان.. شارەزایی شێوەی لێکۆڵەرە جەللادەکانە و.. لێزانانە دەوری هەریەکەیانی دەرخستووە کە چۆن مەبەستیانە بگەنە ئەو ئەنجامەی قسە بە زیندانیەکە بکەن.. و ئیعتیرافی لەدەم وەرگرن و بە هەر شێوەیەک بێت ئەوەی مەبەستیانە بەسەریا بتلێتەوە.. بەهرە و لێهاتووی نووسەر باشتر لە گواستنەوە بۆ ناو ڕووداوی سەیر کوتوپڕتر.. لە ئاڵۆزەوە بۆ ئاڵۆزتر.. لە خەیاڵەوە بۆ ڕاستی.. لە بیرو خەوەوە بۆ بوون و هەست کردن.. دەرئەکەوێت.. سەلیقەی وردەکاری و بیری قووڵ و تیژی نووسەر لە ناو ئاڵۆزیەکانی ڕووداوەکاندا.. لە ناو ساتەکانی سۆزی خۆشەویستی و زاڵ بوونی عاتیفەدا.. و لە دواییدا زاڵ بوونی ڕاستی بوونی مرۆڤ لە مەڵبەندەکەیدا و هەست کردن بە ئێش و ئازاری خەڵک.. و سەرکەوتنی بەسەر سۆز و عاتیفەدا بەجۆرێکی ئەوتۆ کە خۆشەویستترین مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بکاتە قوربانی ڕێگەی ڕاستی و دەست گرتن بە مافی ڕەوا و بێتاوانی مرۆڤەوە.. ئا لەوانەدا هەمووی دەرئەکەوێ، جگە لەوە نووسەر هەموو مرۆڤ ئەبەستێتەوە بە کێشەکەی دەروێشەوە و دەروێش ئەکاتە نموونەیەک بۆ هەمووان و بۆ هەموو کێشە و کارەساتەکان.. بۆیە دەروێشی ناو ئەم ڕووداوە والێ ئەکات کە زەنگی هۆشیاری بۆ هەموو نووستووەکان لێ بدات و هاواریان بۆ بکات کە پێش کارەسات و پێش ئەوەی لوتیان بەر بەردی ئەلحەد بکەوێت.. ژیرانە ڕاپەڕن. هۆش و هەست و تێگەیشتن بکەنە چەکی خەبات و خۆیان لە بەرەی گەلدا ڕێک بخەن و دژی ژیانی کۆیلەیەتی و چەوساندنەوە بووەستن..

منیش هەر بەو هیوایەی دەنگی زەنگی هۆشیاری و وریا بوونەوەی دەروێش بگاتە گوێی ئەوانەی تا ئێستا لە ناو دەریای کەمتەرخەمی و دوورە پەرێزیا ئەژین.. ئەم شاکارەی مستەفا حەللاجم کرد بە کوردی.. بە تایبەتی، وەکو خاوەن تاقیکردنەوەیەکی دوور و درێژی دووسەد و پێنج ڕۆژی ناو زیندانەکانی (هەیئەی تەحقیقی خاصە لە کرکوک)، ڕووداوەکانی ناو ئەم شانۆگەرییەم وەکو دیمەنێک لەو هەزارەها ڕووداو و کارەساتانەی ناو ئەو زیندانە هاتە پێش چاو و ڕوویەکی ڕاستی ڕێگە و شوێنی فاشیستەکان ئەخاتە بەرچاو..

ئەوەندەی توانیویشمە پارێزگاری ناوەڕۆک و مانا و مەبەستم کردووە و ئەوەی زۆرتر بایەخم پێدابێت هەر ئەم لایەنە گرنگە بووە.. بەڵام داخم ناچێت کە خوێنەری بەڕێز لەو پێشەکی‌یە نایاب و بەنرخەی نووسەری بەناوبانگی عەرەب-حەننا مینە- بۆ ئەم شانۆگەرییەی نووسیوە، بێ بەش بوو.. چونکە ئەو کاتەم بەدەستەوە نەبوو کە هەر لەگەڵ شانۆگەرییەکەدا وەری گێڕمە سەر کوردی و پێکەوە چاپیان بکەم..

هیوام وایە هەنگاوێکی سوودبەخش بێت.. بە تایبەتی بۆ هونەرمەندەکانمان.. ئومێدم وایە بتوانن زوو گیان بکەنەوە بەر ڕووداوە وە لەسەر شانۆ زۆرانبازی نێوان مرۆڤ و زۆرداران لە باشترین شێوەدا دەربخەن.. بەتایبەتی دەست پێشکەری پێشنیاری وەرگێڕانی ئەم شانۆگەرییە بۆ کوردی لە یەکێک لە برا هونەرمەندەکانەوە بوو.. منیش زیاتر هەر ئەو داخوازی و مەبەستە هانی دام کە پەلە بکەم لە تەواو کردنی ئەم کارە..

گەلی کورد لە ناو گێژاوی ئەو چەوساندنەوە چەند لایی و جۆربەجۆرەدا.. لەگەڵ بەکارهێنانی ئایین و ململانێی مەزەبی و گەلێ هۆی تر.. لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکانیان دوو چاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینانی و.. ئازار و ئەشکەنجەیەکی ئەوتۆ بووە کە بێ وێنە و بێ هاوتایە

ـــــــانی مەحمود مەلا عزەت



ڕەنجدەرانی کوردستان چاپو بڵاوی کردەوە).

٣-کورتەی مێژوی فەلسەفە-بەرگی یەکەم-سوید-١٩٨٨ لەگەڵ نوسینی پێشەکییەکی ٣٩لاپەڕەیی لەژێر ناوی: " ئەم بەرهەمەو فەلسەفەو وشەیەک بۆ جوڵانەوەی نیشتمانیی کوردستانو نرخاندنی زانستیانە"لەگەڵ ڕێکخستنی فەرهەنگیلەیەک بۆ لێکدانەوەی زاراوە فەلسەفیو سیاسییەکان.

٤-لەپێناوی گەشەپێدانی ئەرشیفە نوێ دامەزراوەکانی کوردستان (چۆن ئەرشیف دادەمەزرێنرێت)سلێمانی ٢٠٠٠.

سێهەم-بەرهەمی تری نوسەر کەبەناوێکی ترەوە بڵاوکراوەتەوە:

-خەباتی کرێکاران-سلێمانی ١٩٧٣؛ بەناوی یەکێتی نەقابەکانی پارێزگای سلێمانی بڵاوکراوەتەوە.

چوارەم-

لەگەڵ دەیان دیدەنییو لێکۆڵینەوەو باسی بڵاوکراوە لەگۆڤارو ڕۆژنامەدا، لەوانە: ڕۆژنامەی: خەبات، النور، برایەتی، التێخی، کوردستانی نوێ، الاتحاد، ئاڵای ئازادیی. گۆڤاری: ڕزگاری، گزینگ، مامۆستای کورد، ڕابوون، نوێدەم، ئاران، پەیڤین، نڤار، ڕۆژنامەی UPPSALA NYATIDNING (بەزمانی سویدیی).

کاروانی بێ کۆتایی.... لە هەڵوێستێکی بـــ

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

کاروانی بێ کۆتایی یاداشت و بیرەوەریی مامۆستا (مەحمودی مەلا عیززەت) ، کتێبێکی قەبارە مام ناوەندیی (٤٤٠) لاپەڕەیییە، بە تیراژی (٦٥٠) دانە ، چاپی یەکەم...لە ساڵی٢٠٠٠ لە بڵاوکراوەکانی (زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم).

هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ کاک بەختیاری مەلاعیزەت پێکەوە دانیشتبوین لەخانوەکەی مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت لە گردەکەی سەرچنار ، ئەو یاداشتەی نیشاندام، تازە مامۆستا مەحمود لە سویدەوە بە تایپکراوی ناردبووی بۆ دەزگای سەردەم بۆ چاپکردن.

لاپەڕەی یەکەمی یاداشتەکەم واڵاکرد ، لەناو زنجیرەی روداوەکاندا بە جۆرێک توشی تێڕامان بووم ، لە نێو دیمەنی هەڵوێست و تراژیدیای چیرۆکەکاندا ون بووم.

یەکەمجار بوو یاداشتی وا نایاب و وا کاریگەر بخوێنمەوە، بە جۆرێک نوقمی بێ دەنگی کردم، لە دنیای ژوورەکە دابڕام ،بە زمان و تەکنیکێکی سادە..... رووداوەکانی تۆمارکرد بـوو، پڕبوو لە وردەکـاری قوڵی هونەریی، لە ناو رووداوەکـان دا دەیان هەڵوێستی پڕ لەجەربەزەیی لۆژیکانەم بینی ...خۆشەویستی بێ سنوور بۆ ... خاک ...زمان....کلتوور .... پڕ بوون لە وەفا ...میهرەبانی .... تەحەدایەکی جوامێرانە .....بـۆ رووبەڕووبونەوەی مەرگ ...بە سەنگ و بڕوای متمانەی کەسێتی یەکی داڕێـژراو..... قاڵ بووی ناو مەرگەساتەکانی ژیان.

نووسەر بە رۆحێکی زۆر راستگۆیانە ..... بە پاکی ودوور لە نمایش ، دوور لە پیاهەڵدان .... دەربار.. ..هەموو رووداوەکانی هەست و نەستی ناخی پەنگ خواردوی ، لە منداڵییەوە .....تـەواوی وێستگە جیا جیاکانی تەمەنی تـۆمـارکـردوە. وشـەو رستە وپەلگرافەکانی هەمووی وەک وێنەی فۆتۆگراف ......وەک سیناریۆی گرتەی فیلمی سینەما خستووەتە روو.

نوسەر لەیاداشتەکەیدا وەک پسپۆڕێکی بواری مێژوو ، چەندان رووداوی مێژوویی گرنگی میللەتەکەمانی ،بە سەلیقەتەکی وردەوە تێکەڵ کێشی بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆی و هاورێکانی و دەوروبەرەکەی کردووە ، کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین یش لەیاداشتەکانی دا (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ .... پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن) هەمان پسپۆڕی و تەکنیکی نوێی یاداشتی بەکارهێناوە، رووداوە مێژوەکان جارێکی تر بەرجەستە کراونەتەوە بۆ نەوەی ئێستاو ئایندە ، بۆ ئەوەی پرسیار... لە لایان سەرهەڵبدات و خۆیان بە عەشقەوە بە دوای کتێبە مێژووییەکان دا بگەڕین و بیخوێننەوە ،وەڵامی پرسیارە پەنگ خواردوەکانی ناخیان چنگ بکەوێت ...جارێکی تر پرسیاری تر لەلایان سەر هەڵبداتەوە ... ئەم هونەرە بەهای یاداشتەکەی بە پێزتر ونایاب ترو باڵاتر کردووە .

نوسەر بۆ تۆمارکردنی یاداشتەکەی توانیویەتی سوود لە تەکنیکی هونەری (چیرۆک نوسین.... ،رۆمان.... سیناریوی فیلم) وەربگرێت . لە ناودیمەنەکان دا چەندان پاڵەوانی جیا جیا .....لە جوغرافیای جیا دەبینین ، ئەم جۆرە تەکنیکە هونەرییە لەم یاداشتەدا ....دوور لە فەنتازیا ، ئەو واقعە تاڵ و مەرگەسا تانەیە کە نووسەر لە خەڵوەتی یاداشتەکەی ژیانی دا دایهێناوە ،لە یاداشتەکانی پێشتردا نین ، ئەمە بە یەکەم هەنگاو دادەنرێت لە بواری تۆمارکردنی یاداشتی کـوردا، وا لە خوێنەر دەکـات لە یەکەم پـەرەوە تا دوالاپـەرە بە پـەرۆشـەوە ، تێکەڵ بە بە رۆحـی دراماـی یاداشتەکە ببێت..

*دوای هـەرەس مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت نەفی کرا بۆ شاری رومادی ،رۆژێک لە پۆل دا وانەی دەوتەوە .عەلی لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی حیزبی بەعس لە وانەکەی دوادەکەوێت..... بێ ئەوەی لە دەرگا بدات ،داوای مۆڵەت لە مامۆستا بکات ، زۆر لە خـۆڕازی بونەوە خۆی دەکـات بە پۆل داو دادەنیشێت ، مامۆستا مەحمود بە توندی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات ...... دەیکاتە دەرەوەی پۆل ،ئەویش هانا بۆ بەڕێوەبەر دەبات، بەرێوەبەریش داوا لەمامۆستا دەکات ، بیکاتە ژوورەوە ،مامۆستا هەموو داواکارییەکان و بیانوەکانی بەڕێوەبەر رەتدەکاتەوە،بەڕێوە بەر بە سنگ دەرپەڕاندن و لە خۆباییبوونەوە بە عەلی دەڵێت بڕۆ پۆلەوە ، هەر کە عەلی لە پۆلدا دادەنیشێت ، مامۆستا مەحمود رووەدەکاتە بەڕێوەبەرو دەڵێ :فەرموو جەنابی بەڕێوەبەر تۆ وانەکەیان بۆ تەواو بکە.

*مامۆستا مەحمود دوو ساڵ و نیوو لە رومادی بە نەفی کراوەیی مایەوە،هاوسەرو منداڵەکانی لە سلێمانی دەبن،دوای سەرهەڵدانی مەفرەزە سەرەتاییەکان ،فازیل بـەراک بەڕێوەبەری ئەمنی عامە ، نـاردی بەشوێنیدا ، چەند داواکارییەکی خستە بەردەم مامۆستا ، بەڵام هەمووی رەتکردەوە.

* چەند رۆژێک بوو نەشتەرگەری گورچیلە بۆ مامۆستا مەحمود کرابوو،شەوێک ملازم موحسین و چەکدارەکانی . بە پەیژە خۆیان دەگەیە ننە حەوشەی ماڵی مامۆستا....کۆڵان ....سەربان ....هەموی دەگرن ، ملازم محسین بە پەڕۆیەک هەردوو چاوی مامۆستا مەحمود دەبەستێت راپێچی ناو ئوتۆمۆێلە کەی دەکات .....ئـەو شەوە لە چەند ماڵ و گەرەکی تر زۆر کەسی تر دەسگیر کـران، هەموویان بران بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ، بەیانیەکەی ناویان خوێندنەوە ،پەرۆکەی سەرچای مامۆستا تۆزێک جوڵا ئەمجا زانی ئەوە ناوەندی(وەتەن و کانێسکان) ە، نۆ ساڵ لێرە بەڕێوەبەر بوو، بۆ رۆژی دوایی دوو دوو .... زیندانییەکانیان کەلەپچەکردو چاویان بەسترایەوە بە ئوتۆمۆبیلی تایبەتی بە برسێتی و تینوێتی گوێزرانەوە بۆ شارێکی تر، هەر ٢٣ زیندانەکەیان خزاندە ژورێکەوە ،دواتر برانە ژووری ژمارە (١) ، لەوێ زانیان (هەیئەی تەحقیقی خاسە) یە ، زیندانێکی سەربازی و نهێنی حیزبی بەعس بوولە کەرکوک .

دوای چەند رۆژێک بە پێی بەرنامەی هەیئەی تەحقیقی کەرکوک ... زیندانییەکانیان یەک یەک بانگ کرد بۆلێکۆڵینەوەی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونـی بۆ ئـەوەی تێکیان بشکێنن ....نهێنییەکانیان پێ بدرکێنن.

(عومەر عەزیز محەمەد، محەمەد رەحیم عەبدولرەحمان ،محەمەد سەعید ساڵح ، دلیر مستەفا ، کەمال عەلی ، شێخ عە بدول شێخ ساڵح ، جەمیل ،حەسەن حسێن ، دارا ، حەمە سەعید غەدۆ ،حیکمەتی عەبە پاشا،عوسمان قادر محەمەد ، مەحمودی مەلا عیزەت)

مەحمودی مەلا عیزەت یان برد بۆ لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجەدان ، بە پرسیار دایانگرتەوە....... وەڵامی هەموو پرسیارەکان ....(هیچ.نازانم) دوو جەلاد لاقیان بەرزکردەوە ، بەستیان ، جەڕانیان ، بە کێبڵ بنە پێیان داگرتەوە ، هەموو ناخی پڕ بوو لە ورەیەکی بەرز کە دەبێت بەهەموو تواناییەکییەوە بەرامبەر هەموو ئەشکەنجەکانیان ...... خۆی رابگرێت ... ... بەیەک گورچییلەوە .....بێ دەرمان ، بەئیلتیهابێکی زۆرەوە .....لێدانەکەیان توند تر کرد هاواری لێ هەستا ، جەستەی لە بەرشاڵاوی توندی ئەشکەنجەکەدا خاو بوەوە ...لە هۆش خۆی چوو.....ئاوی ساردیان بە سەردا کرد ....کاتێ بە ئاگا هاتەوە ، کارەبایان لە قورگییەوە بۆ کەلەکەی .... بەسەر ئەندامە ناسکەکانی جەستەیی دا دەهێنا.

لە ناکاو گوێ لە دەنگێکی بەرزبوو ، گەیاندیانە بەردەم موقەدەم عامر موسڵای سەرۆکی هەیئە ، ئەمیش بە قسەی نەرم ...دواتر بە هەڕەشە و سیناریۆی جیا جیا دەیویست تالی داوی نهێنیەکی چنگ بکەوێت و لەوێوە بەرنامەی کارەکانی هەڵسوڕێنێت بۆ ئەوەی نهێنییەکانی پێ بدرکێنێت.

لە وەڵام دا ....مامۆستا هەر دەیگوت : نازانم.

هەموو جەلادەکانی توشی هیستریاکرد ، لە تاوسوێی ئازارەکانی جەستەی کەوتبوو ، جەلادێکیان دارەکەی لەپشتی گیر کرد وتی : هەستە لە سسەر زەوییەکە ،بەشەلەشەل بەپاڵ بردیان . لە ناکاو یەک لەقەی توندیان لـێدا، کـەوتـەوەسـەرزەوی ، هەستایەوە ، کـردیـانـەوە بـە ژوورەکـەی دا . هەموو زیندانییەکان لێ کۆبوونەوە . مامستا مەحمود زانی (قالە) جاسوسەو بۆ ئەوە هێناویانەتە نـاو زیندانییەکان زانـیـاری کۆبکاتەوەو... بیگەیەنێتە جەلادەکان ، وتی (زۆر سەیرە ئەمانە بۆ وا دەکەن ...گەرسیاسەتم بکردایە ... پێم ناخۆش نەدەبوو، من هیچم نەکردوە ، بۆ وام لێ دەکەن)

دواتر مامۆستامەحمود قەرەداغی و مەغد ید کوێخا عەبدوڵڵاو سـەرداری حاجی قادر یان هێنایە ژووری ژمارە (١) ، ژمارەیان بوو بە (٢٨) زیندانی.

نوسەر زۆر بە وردی باسی ئەشکەنجەی هاورێ زیندانییەکانی و روداوەکانی ناو هەیئەی کردوە کە هەموی بە بەرنامەو پلانی ورد بووە بۆ ئەوەی پەی ببەن بە تاڵە داوێکی نهێنی زنجیرەی رێکخستنەکانی ناو شار و دوای سەرهەڵدانی مەفرەزە سەرەتاییەکان...... باسی جەللادەکان دەکات چۆن ئەشکەنجەی بێ سنوور دڕندانەی مامۆستا مەحمود قەرەداغی یان داوە ، هەموو جارەکان بە عە مود ێکەوە بەستەویانەتەوە.....لە بەردەم ژوورەکەیان دا ... بۆ ئەوی لایەنی دەرونی زیندانییەکانی تر بڕوخێنن .... بەڵام مامۆستا مەحمود قەرەداخی ئەشکەنجەو جەللادەکانی بە جۆرێک تێک شکاند ، ئەوان هەستیان بەلاوازی و بێ دەسەڵاتی دەکرد :

-جەلادەکان لە کاتی ئەشکەنجە داندا لە ناو خۆیان دا دەیانگوت (بۆیە ئیعتراف ناکات، لەزەت لە ئەشکەنجە دان وەردەگریت).

لـەدوا لێکۆڵینەوەدا.....رەئیسی هەیئەی کەرکوک ، هەموو پرسیاری لێکۆڵینەوەکانی کاتی ئەشکەنجەدانی رووبـەرووی مامۆستا مەحمود کردەوە، چەند پرسیارێکی نوێ تیا بوو، دیاربوو زانیاری تازەیان پێ گەیشتبوو:

ناوت چی یە:

مەحمود

ناوی باوکت و باپیرت:

مەلا عیزەت مەحمود

کارت چییە:

مودەڕیس

لە کوێ:

لەسانەوی ئەزمڕ

رەئیس زوو زوو ...لاپـەڕەکـانـی فایلەکەی هەڵدەدایەوە ، پڕ بوو لە راپۆرت و زانیاری ئەمنی سلێمانی...... لە یەکەم لێکۆ ڵینەوە وە تا دوا لێکۆڵینەوە.... وەڵامـی هەموو پرسیارەکانی مامۆستا مـەحـمـودی مەلا عـیـزەت....... (بەڵێ .....نـازانـم .... ئاگادارنیم) بوو.

لە دوا لێکۆڵینەوەدا..... ئەم جارەیان رەئیسی هەیئە ،وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مامۆستای وەک خۆی دەوتەوەو.... ئەمنێکیش، هەمووی دەنوسییەوە.....

دواجار پێ یان وت : دەستت بێنە (پەنجە گەورەی دەستی چەپیان گرت ، بە قوماشێکی مـەرەکـەباوی دا هێنایان،دوا کاغەزی ناو فایلەکەیان پێ مۆر کرد.

دوای مـــاوەیـــەک.... چـــاوی هـــەر ٢٦ زیندانییەکەیان بەست ،دوو..دوو کەلەپچەیان کردنە دەست، خزێنرانە ئۆتۆمبێلی تایبەتی

ـــــالادا

و گوێزرانەوە، نەیاندەزانی بۆ کوێیان دەبەن ،چارەنوسی یان بەرەو کوێ دەبرێت ، نزیکەی ٣ کاتژمێر بە رێگاوە بوون .....گەیشتنە شوێنێک زۆر گەرم بوو، ئوتۆمۆبیلەکە وەستا دایان بەزاندن .....بە جنێو زلە و شەق پێشوازیان لێ کردن..... هەموویان بردنە بەردەم

*عەقید تارق ا لعزاوی - معاونی مدیری ئەمنی عامە ، بۆ کاروباری سیاسی

*ئەبو نەسر —مدیری شوعبەی سێ (ئەم شوعبەیە تایبەت بوو بە کورد وشۆڕشی کوردستان)

* نەقیب خەلەف — معاونی شوعبەی سێ.

*چەند ئەمنێکی تر بە جلی سڤیلەوە لە پشت ئەما نەوە وەستابوون ،سەیری زیندانییەکانیان دەکرد.

عەقید تارق رووی کردە هەر ٢٦ زیندانییەکە و وتی:

(دەزانن ، چی لە ئێوە دەکەین)... ....

لە قسەکردن......... وەستا...... زیندانییەکان هەموو بێ دەنگ بوون

(ئێوە بۆ ئەوە نەگیران ، لێرە بتان بێنینەوە ......ئێستا لە ژیان دابن، ئێوە بۆیە گیران....بێ لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن .....بکوژرێن)

(بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە ، کە ئەوە نەکرا ،چونکە لە لێکۆڵینەوە دا بۆمان دەرکەوت ،ئێوە هاوڵاتی باشن و بێ زیانن ، بۆیە سەرکردایەتی حیزب و شۆڕش ئێوەی عەفوکرد ...ئێستا ئێوە میوانی سەرکردایەتین ، ماوەیەک لامان دەمێننەوە ، دواتر ئازاد دەکرێن ،ئێستا ئێوە ئازادن،ئێوە لە سەفەرێکی دوورو درێژەوە هاتوون.......،ئێستا برسیتانە .....چی دەخۆن)

عەقید تارق سەیری روخساریی هەموو زیندانییەکانی کرد.....هیچیان نەوت لە ناکاو گوێ لە دەنگێک بوو وتی : ئێمە زۆر تینیوو .... برسین، هەرچی یەک بێت دەیخۆین ، وەک خواردنی زیندانییەکان .

عەقید سەیرێکی .هەموویانی کردو وتی : ئێوە زیندانی نیین...... میوانن.

لەو کاتە یەکێک لە زیدانییەکان رووی کردە مامۆستا مەحمود و وتی : بڵێ مریشک دەخۆین.

عەقید بە مامۆستای وت : ئەوە دەڵێ چی.

دەڵێت مریشک دەخۆین.

دوای تاوێک مریشکی برژاویان بۆ هێنان.

ئەم میوانداریە بۆ سڕینەوەی کاریگەری ئەو هەموو ئەشکەنجە جەسەدی و دەرونیانە بوو ، کە لە روخسارو هەڵسوکەوتی هەموویان دا دەرکی پێ دەکرا.

کاتژمێر دووی شەوی ١٨ / ٦ / ١٩٨١، هەر ٢٦ زیندانییەکانیان بە سەر دوو پاسدا دابەش کرد ، دوای ٨ مانگ لە دۆزەخی مەرگەوە ئازاد کران .....٧ی بەیانی گەیشتنە کەرکوک .....نان و کەبابیان دەخوارد ...... هەواڵی کوشتنی (قالە) ی جاسوسی هەیئەیان پێ گەیشت...... پاسەکان رێگای سلێمانیان گرتەبەر.....گەیشتنە ....باخی بەختیاری ...پردەکەی قلیاسان... دووڕیانەکەی سەرچنار...شەقامی سالم ... .ئەمنی سلێمانی ...... پاسەکان لە بەردەم بینای حەسیب سالح دا وەستان.....ماڵئاواییان لە یەکتر کرد ...بەخانەوادەو کەس و کارو خەڵکی شارەکەیان شادبوونەوە.

دواجار مامۆستا مەحمود بڕیاری دا لە گەڵ خانەوادەکەی دا روو بکەنە هەندەران

سەرلەبەیانی ١٣ / ٨/ ١٩٨١ گەلاوێژ خانی هاوسەری و هەر ٥ منداڵەکەی روو بکەنە قەڵادزێ و ......لەوێوە لەگەڵ نەسرین خان بگەنە ناوزەنگ . مامۆستا مەحمود ، هەر ئەو رۆژە لە سلێمانی رووی کردە لای کوێخا حسەین-ی هەناران . ئەویش کاک بورهانی کوڕی لەگەڵ دا نارد...... رێگای ناوزەنگ — یان گرتە بەر ..... دوای ماندووبونێکی زۆر کە گەیشتە تەختایەکەی سەرەوە ......کاک نەوشیروان و کاک شازاد سائیب و کاک فەرەیدون پێشوازیان لێ کرد.

دواتر شەو و رۆژێکیش لای مام جەلال مایەوە لە توژەڵە ، مام جەلال باسی ئەوەی کرد مامۆستا مەحمود ئیش و کاری شۆڕش وەربگرێت، مامۆستاش وتی : با ئەوان بگەیەنمە سوید ..... دەگەڕێمەوە.

مام جەلال وتی :راپۆرتێکی دوورو درێژ لە سەر هەیئەی کەرکوک بنووسە بۆ (رێکخراوی ئەمنستی) .

لە ١٠ / ١٠/ ١٩٨١ شێخ محەمەدی سەرگەڵو و کاک بەختیاری مەلا عیزەت، مامۆستا مەحمود و خانەوادەکەیان لە فڕۆکەخانەی تارانەوە بەرێ کرد بۆ شام.

دەمەو بەیانی٢٢/ ١٠ /١٩٨١لەفڕۆکانەی شامەوە گەیشتنە ستۆکهۆڵم.

ئیبراهیم ئەحمەد
لەناو رووناکیی مێژوودا

مەحمود مەلا عزەت

*لەچلەی دواکۆچی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد-دا , برای خۆشەویستم دکتۆر کەمال فوئاد ئاگاداری کردم کە یەکێک لەو کەسانەی بۆ دانیشتەکانی ئەو چلەیە دەستنیشانکراوە کە قسە لەسەر لایەنی سیاسیی و حزبیی مامۆستا بکات، بەندەیە.. منیش بەخۆشحاڵییەوە داواکەم قبوولکرد , هێندەی بۆ ئەو ماوە دیاریکراوە گونجا، باسێکی کورت و پوختم پێشکەش بەئامادەبووان کرد کە شیاو بێت بۆ بۆنەیەکی واو بۆ پیاوێکی گەورە و رابەرێکی وامەزن , کەنزیک بەحەفتا ساڵ لەتەمەنی پڕ لەخەبات و بەهرە و بەرهەمی بۆ نەتەوەکەی تەرخانکرد و بەسامانی کاری سیاسی و نووسین و شیعر و چیرۆک و رۆژنامەگەریی نەتەوەکەمانی زۆر دەوڵەمەند کرد.

*لێرەشدا لە بۆنەی یادی دوو ساڵەی کۆچەکەیدا و لەسەر داوای کوردستانی نوێ , لەڕێگەی مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق-ەوە کەسەرپەرشتی بیرەوەرییەکە دەکات، هەوڵ دەدەم زیاتر لەو دوو لایەنەی ژیانی ئیبراهیم ئەحمەد، رووناکی بخەمەسەر ویستگە گرنگ و رۆڵە دیارو پرشنگدارەکانی، هەرچەندە زەحمەتە لە دەرفەتێکی واو لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە بتوانرێت ئەو کارە هەقی خۆی بدرێتێ.. بۆیە ئەم باسانە، زەمینەو پێشەکییەک دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەو درێژ.

هەرچەندە باسەکە هەر لەرۆژنامەدایە , بەڵام بەپێی دابونەریتی رۆژنامەگەریی و لەبەر خسوسیەتی نووسینی ئاسایی رۆژنامە، کە ئەم جۆرانە لەخۆی ناگرێت، چونکە لە نووسینی ئاسایی سەر لاپەڕەی رۆژنامە درێژتر دەبێت، لێرەدا مەبەستم لەنووسینی رۆژنامەیە بەگشتی، نەک هەر لای خۆمان کە گەلێک جار نووسینی دوور و درێژ و بەئەڵقە دەگرێتە خۆی، ئەم دیاردەیەی کە کەمتر لەرۆژنامەکانی ئەورووپادا دەردەکەوێت، چونکە زیاتر رۆژنامە کاری هەواڵ و باسوخواسی رۆژە، نەک ئەو باسانەی کەگۆڤار و کتێب دەیانگرنە خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم کە باسەکە جۆرێ لەڕێبازی (Narrative article) بەخۆیەوە بگرێت , کەتێیداو لەنووسیندا نووسەر دەتوانێت لەباسە گشتی و سەرەکییەکانەوە بچێتە ناو باسە تایبەتیو خسڵەت نەزعەی ئینسانیو وردەکاری و درێژەکانەوە...تاد، بێ ئەوەی بمەوێ دوورو درێژ بێت.

رابەری رووناکبیری و خەبات

*ناوو ناوبانگی شەخسییەتە ناسراوەکانی جیهان، زۆربەی هەرە زۆریان لەکارێکی داهێنەرانەی مێژووییدا دەبنە خاوەنی ئەو پلەوپایەیە و خەڵاتە بەنێوبانگەکان وەردەگرنو لاپەڕەکانی مێژوو لەئامێزیان دەگرن، دەبنە رەمزو کەسێتییەکی دەرکەوتووی ئەوتۆ لەناو میللەتی خۆیاندا , کەبەردەوام لەیاد و بۆنەکاندا بەسەربکرێنەوە وەک هێمای سەرکەوتنو پێشکەوتن و مرۆڤپەروەریی.

هەرچەندە ئەم شەخسییەتەی ئێمە، خەڵاتە بەناوبانگەکانی وەک خەڵاتی نۆبلی وەرنەگرت، وەک زانا و شەخسییەتە گەورە و بەناوبانگەکانی نەتەوە رزگاربووە خاوەن دەوڵەتەکان لەبەر گەلێک هۆی زانراو، کەهەرە سەرەکییەکانی کورد بوون بوو، رۆڵەی میللەتێکی چەوساوەو دابەشکراو بوو , کە تاسەردەمێکی زۆر نزیک لای زۆر لە گەلانی دنیا نەناسراو بوو، پشتگوێ خرابوو، تەنانەت دەنگی زوڵم و زۆرو کۆمەڵکوژیی نەدەبیسترا.

لەگەڵ ئەوانەشدا برایم ئەحمەد، لەناو میللەتی خۆیدا لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، رابەری رووناکبیریو خەبات بوو، لەناو میللەتانی برادا، عەرەب و فارس و تورک و میللەتانی تری رۆژهەڵات، لەناو زۆر لەسیاسی و رۆژنامەنووس و پەرلەمانتار و لێپرسراوانی حزبی زۆر لەوڵاتانی تری ئەورووپاو ئەمریکاو جیهاندا ناسراو بوو، جێگەی تایبەتی خۆی هەبوو، هەم وەک رابەرێکی گەورەی کوردایەتی و هەم وەک چیرۆک و رۆماننووس و شاعیر و نووسەرو رۆژنامەوان و وەک مرۆڤ دۆستێکی ئەوتۆش , کە لەناو گەرمەی شەڕی لەناوبردن و کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورددا، ئەو ئاڵاهەڵگری برایەتی و هاوسانی و ئازادیی بێت.

هەرچەندە برایم ئەحمەد، لەسەرەتای ژیانی سیاسیی و رووناکبیریدا، وەک هاندەرو رۆڵبینەر لەشەڕی بەردەرکی سەرا , کە بەڕاپەڕینی شەشی رەشی ئەیلوول ناودەبرێت , وەک پارێزەر، نووسەری نامیلکەی (العرب والاكراد-١٩٣٧)و ئینجا بەگۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩) و لێپرسراوی لقی (ژ.ک) لەکوردستانی عیراق، بەحاکمیو بەرگریکردن لەجوتیاران. لەناو حزبە کوردی و کوردستانی و عیراقییەکاندا ناوێکی دیاری سەرشانۆی خەبات و سیاسییەکی دیاری ناو رووناکبیر و تێکۆشەران بوو.

بەڵام بۆ بەندەو خەڵکی تری ئاسایی، رووداوەکەی ساڵی ١٩٥٤ کە لەسەر بەرگریکردن لەجوتیارو وەک پارێزەری ئەوان و پشتیوانی هەژاران، لەدادگا لەڕووی یاسایی و مافناسییەوە بەرگری لێدەکردن. ئەوە لای بەندە سەرەتای ناوبیستنی بوو، ئەو کاتە لەپۆلی دووی ناوەندیی سلێمانی بووم , رووداوێکی

ئیبراهیم ئەحمەد

تری گرنگی هەمان ساڵ (ئەگەر باش لەزەینمدا مابێت)، هەڵبژاردنەکەی ئەو ساڵە بوو کە مامۆستا برایم وەک نوێنەری خەڵکی شار پاڵێوراو تا ئەم دواییەش ناوەکەی لەسەر پایە و دیواری خانوو و دوکانی سەرشەقامەکان مابوو , کەنووسرابوو: "هەڵبژێرن نوێنەرانی گەل ئیبراهیم ئەحمەد و مەعروف بەرزنجی".

سەرقافڵەی کاروانی کوردایەتی

مامۆستا برایم ئەحمەد لەهەریەکە لەلایەنەکانی ژیانی سیاسی و دیپلۆماسیی، حزبایەتیو کاری فیکری و رێکخستن و تیۆری، رۆژنامەگەریی، شاعیری چیرۆک و رۆماننووسیی، نووسەری، زمانەوانی و رەوانبێژی، یاساناسی، ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردەواریی و سیاسییەکی گەورەی بەتوانا و رابەرێکی گەورەی کوردایەتی و رێبازی کوردستانییەت بووە، بیرچەپی واقیعبینانە هەمیشە پاڵپشتی هەژار و لێقەومان بووە، ئەمە لایەنە زۆر گرنگەکانی بیرو کاروانی کوردایەتی بوو کە هاوژیانی بووە، هەر لەسەرەتاوە تا دواکۆچی. بۆیە لێرەدا، هەر ئەوەندە بوار دەبێت کە لەدەرگای هەریەکە لەو ویستگە مێژووییانە بدەم کەتیایاندا توانیوێتی ئەسپی خۆی تاوبدات و ببێتە سەرقافڵەی کاروانی کوردایەتی.

رابەری و توانستی برایم ئەحمەد لەهەریەکە لەو بوارانەدا لەئاستێکدا بوو , کەناتوانرێت لایەنێکی بەگرنگ و سەرکەوتووتر لەوانی تر دابنرێت , ئەوە نەبێت کەئاستی فراوانیی پێوەندیی هەریەکە لەو لایەنانە بەکۆمەڵانی خەڵکەوە، نەک هەر بەنوخبەی رووناکبیر و نووسەر و رۆژنامەنووسیی، ئەوە دەردەخات کە لەکامە بوارو لایەن زۆرترین خەڵکی هەمەچەشنەو هەمەپیشەی لێبەئاگابووە , بۆیە ژیانی سیاسی و حزبایەتیی مامۆستا برایم، کوردایەتیو رێبازی کوردستانی، بیرچەپی و خەباتی بۆ رزگاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەگۆڤاری گەلاوێژ و لێپرسراوەتی لقی (ژێکاف) لەکوردستانی عیراق , چەند خەسڵەتێکی زۆر دیارو ئاشکرای سیاسیی و نیشتمانیی و فیکریی وەک چەند بەهرەیەکی دیاری لادەرکەوت و هەر لەسەرەتایەکی زووەوە رۆڵی سەرکردایەتیی حزبی و رابەری سیاسیی وەرگرت.

بەتایبەتی لەو کاتەوە کەبوو بەلێپرسراوی لقی (ژێکاف) لەکوردستانی عیراق، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو لقەوە تاهەڵوەشانی بەهۆی رووخانی جەمهوریەتی کوردستان و تێکچوونی کاتیی حزبی دیموکراتی کوردستان (١٧-١٢-١٩٤٦) , ئینجا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد (١٦ئابی ١٩٤٦) بیرکوردستانیی و خۆبەستنەوە بەڕێبازی رزگاریی. ئاشکرا لای برایم ئەحمەد دەرکەوتوو بوو بەڕابەری سیاسی و رووناکبیری ئەو رێبازە، چونکە لەدامەزراندنی پارتیدا، ئەو ملی بۆ هاوبەشیکردنی لەو حزبەدا نەدا , لام وایە دروشم و ستراتیجی ژێکاف کەڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کورد لەلایەکو بڕوابوون بەڕێگەی ئاشتی و شارستانیەت و رووناکبیریی لەلایەکی تر، دوو هۆی هەرە سەرەکیی خۆبەستنەوە بوو بەژێکاف-ەوەو دوورەپەرێز وەستان بوو لەدامەزراندنی پارتیدا , کەوەک حزبی دیموکرات دروشمی ئۆتۆنۆمی بەرزکردەوە.

تێندێنسی هەڵوێست لەشەڕی چەکداری و خواستی شۆڕشەوە، دیاردەیەکی تری گرنگی هاوپێوەند


مەحمود مەلا عزەت

بەژیانی سیاسیی مامۆستا و مەسەلەی شۆڕش بوو , سەرچاوەی گەشی ئەو بیرورێباز و ئامانجە گرنگانەی مامۆستا، سەرەتاکەی راپەڕینەکەی شەشی گەشی ئەیلول (١٩٣٠) بوو.

خەباتی شارو شەشی سووری گەشی ئەیلول

لەو رۆژەدا، رۆڵەی دڵسۆز و کوردپەروەرانی سلێمانی و لەسەر رێبازی سوور بوون لەسەر مافە نەتەوەییەکان و وەک درێژەی خەباتی سەردەمی حوکمداری و مەلیکایەتییەکەی شێخی زیندوو , کە بەزۆری هێزی دوو داگیرکەر رووخێنرا، ئەوان بەخوێنی گەشیان داستانی شەشی سوور و گەشی ئەیلولیان تۆمار کرد , کە لەوەدا رووناکبیرێکی تازە لاو و پێگەیشتووی مەیدانەکە کەهاندەری خەڵک بوو بۆ راپەڕین و بۆ داوای مافی زەوتکراو، ئیبراهیم ئەحمەدی تازەلاو بوو.

ئەم رۆڵە لەمەغزایەکی گەورەی سیاسیی و فیکرییەوە هەڵقولا بوو , چونکە ئەو لەو سەرەتا زووەدا وەک رووناکبیر و وەک شۆڕشگێڕ، دەرکی بەیاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و حەقیقەتی قۆناغی مێژوویی خەبات و رێبازی گونجاو بۆ سەندنەوەی ماف و هەقی زەوتکراو کردبوو، هوشیاریی سیاسیی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە زیاتر بڕوای بەخەباتی جەماوەرییو رووناکبیریی دوور لەچەکداریی بێت، بڕوای بەتێکەڵکردنی خەباتی شاخ و شار بێت.

ئەوە خاڵی وەرچەرخانی گواستنەوەی خەبات و رێبازی تێکەڵکردنی خەباتی شار و شاخ بوو، سەرەتای رۆڵبینینی خەڵکی شارو رووناکبیرو هاوبەشیکردن لەسەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بوو. ئەم دوو لایەنە گرنگە لەڕێبازی خەبات و پێکهاتەی سەرکردایەتیی، بۆ ئەو لەو تەمەنەدا سەرنجڕاکێشەر بوو , بەڵام لەدواییدا دەرکەوت کە ئەو رێبازە سەرەتایەکی هەروا سادە و کرچوکاڵ نەبوو، بەڵکو زەمینەی پتەوی ئەوە لەتێگەیشتنی یاسای جوڵانەوەی مێژوو و رێباز و ئاستی گەشەکردنە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵگە و شێوەی خەباتو رێگەی دروستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان بوو , کەلای مامۆستا درێژەی هەبوو. نزیکەی (٣٠)ساڵ دوای ئەوە و لەڕۆژانی پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول روونو کۆنکرێتی تر دەرکەوتن.

*ئەم بابەتە بەشێکە لە وتارێکی مامۆستا مەحمود مەلا عزەت کە پێشتر بە دوو بەش لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوی کردۆتەوە.

بۆچوونی مەحمود مەلا عزەت لەسەر مەسەلەی کوردو رەوشـ

ئەم دیدارە یەکێکە لەو دیدارە رۆژنامەوانیانەی کە گۆڤاری (نڤار) لە هاوینی ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵی سازکردبوو لەلایەن رۆژنامەنووس کازیوە ساڵح-ەوە، کە تێیدا چەندین لایەنی گرنگی ژیان و بۆچوونی مامۆستا مەحمود مەلا عزەت-ی لەخۆگرتووە، لەبەر گرنگی دیدارەکە، واجارێکی تر لەم دووتوێ تایبەتەی کوردستانی نوێ بڵاوی دەکەینەوە:
گەشەکردنی باری ڕۆشنبیری و بوژاندنەوەی مێژوو پابەندی دامەزراندن و بوونی دەوڵەتی نەتەوەییە
بەڕێز مەحمود مەلا عزەت ڕوناکبیر و سیاسەتمەدار و نووسەرێکی کوردی دیار و ناسراوە و، خاوەنی بڕوانامەی BAبەکالۆریۆس لە مێژوودایە، کە ساڵی ١٩٦٢ لە کۆلیجی پەروەردە لە زانکۆی بەغداد وەری گرتووە. خاوەنی چەندین بەرهەمی بڵاوکراوە و ئامادەیە.
لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی، نووسین و دانراو:
-دیبلۆماسێتی بزوتنەوەی کوردایە-١٩٧٣، خەباتی کرێکاران-١٩٧٣، کۆماری میللی مەهاباد-١٩٨٤-١٩٨٦، ڕەگ و ڕیشەی مێژووی تەقەلای بە عێراقی کردنی کورد و مەسەلەی کوردستان-١٩٨٧، کورد و ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە-١٩٧٧.
ئەو بەرهەمانەی وەری گێڕاون:
-شانۆنامەی دەروێشەکان بە دوای ڕاستی‌دا ئەگەڕێت-١٩٨٣، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتی‌دا بۆ سەربەخۆیی و نەتەوایەتی و سیاسی- ١٩٨٥-١٩٨٦، کورتەی مێژووی فەلسەفە بەرگی یەکەم-١٩٨٦-١٩٨٨، لەگەڵ دەیان نووسین و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی (قازی محەممەد لە ناو بڵاوکراوەی مێژوودا) یەکێکیانە... کە لەگەڵ ئەم دیدەنییەدا بڵاو دەکرێتەوە.

*نامەوێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکەم کە کۆتاییەکانیش بۆ خۆیان سەرەتایی دیکەن، بۆ مێژوو بەڵگەنامە مێژووییەکانت هەڵبژارد و ژانرێکی ڕووناکبیری دیت هەڵنەبژارد؟

-مەحمود مەلاعزەت: چیرۆکی دەستکەوتن و بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگە نامانەی سەردەمی جەمهوریەتی کوردستان، لە سێ بەرگی (دەوڵەتی جمهوری کوردستان)دا ١٩٩٢، ١٩٩٥، ١٩٩٧-دور و درێژە.
پوختەکەی لە هەردوو چاپەکەی (کۆماری میللی مهاباد) ١٩٨٤، ١٩٨٦، و پێشەکی و نووسینەکانی ناو ئەو سێ بەرگەی د.ج.ک و هەندێ دیدەنیدا بڵاوکراوەتەوە... ئەم کۆتاییەی بەرهەمەکانم بەو سێ بەرگەی کە سەرەتاکەی لە ئازاری ١٩٧٣دا سەری هەڵدا دەبوو ڕاستەوخۆ دوای ئەو سەرەتایە بووایە و ڕووناکی ببینن... ژیانی سیاسی خۆم، بارودۆخی وڵات، ئاوارەیی و دابڕان لە نووسین و ئەو بەڵگەنامانە، ئاڵۆزیی ڕوداوەکان، خولقێنەری ئەو جێ گۆڕکێیەی نێوان ئەو سەرەتا و کۆتاییە بوون.. بۆیە سەرەتاکان بە لێکۆڵینەوەی سیاسی هەمان بابەت. بە باسەکانی لەمەڕ دیپلۆماسێتی سەرکردایەتی کورد و شیکردنەوەی لایەنی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوون. دواتریش بۆ ئەو بابەت و باسانەی کە لە بەرهەمەکانمدا دەبینرێن.

***ئەوەندەی من ئاگادارم، بەرهەمەکانی بەڕێزتان لەسەر پێشەوای نەمر و دەوڵەتی جمهوری کوردستانن کە لە سێ بەرگدا خستووتانەتە ڕوو واتە زیاتر لەسەر کۆماری مهاباد دەدوێن، ئایا زیاتر مەبەستتان ئەوەیە بڵێن ئەو مهابادەی ٥٢ساڵە لەناو چووە و بمانەوێ و نەمانەوێ سەربوردەیەکی گەورەی کوردە، یا ڕایەکی دیتان هەیە لەسەری؟**

-مەحمود مەلا عزەت: ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕزگاری ١٩٦٩-١٩٧٠ و نووسینی زنجیرەیەک باس لەسەر ج.ک) یەکەم سەرەتای نووسینەکانم بوو لەسەر ئەو ئەزموونە.
(ک.م.م)یش درێژەپێدانی ئەو باسانە بوو.. لە دواییشدا زیاتر لەوەی خۆم بیرم لێ دەکردەوە و دەمویست ئەو هەلە مێژوویە کات و کارەکانمی بۆ خۆی زەوت دەکرد، لەبەر گەلێ هۆ کە هەرە گرنگەکەیان هەستیاری و گەورەیی و پڕ لە دەرس و پەندی ئەزموونەکە بوو...
جۆری خولقاندنی ئەو هەلە مێژوویە، ژیانی سیاسی و سەربازیی و دیپلۆماسی، ئەدەبی و ڕۆژنامەگەریی و، لایەنی کۆمەڵایەتی و زاڵ بوونی هۆز و ئەقڵی خێڵەکی، ڕۆڵی زلهێزەکان و مانۆڤرە سیاسییەکان، ڕۆڵی جیۆپۆلیتیک لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکان... هۆ و فاکتەرە ڕووخێنەرەکان.. تاد چوونە ناو قووڵایی ئەوانە و هەڵهێنجانی دەرس و پەندەکان، بۆ سوود وەرگرتن لێیان، ئەو تاقیکردنەوە و دیاردانە و گەلێ خاڵ و ڕووداوی لەیەک چوو لەگەڵ ئەزموونێکی پێشووی تر (حوکمداری و مەلیکایەتیەکەی شێخ مەحمودی نەمر) و ئەنم ئەزموونەی کوردستانی فیدراڵ، ئەوانە گیانگەی لێکۆڵینەوە و باسەکانم بوون...
چەند لەم ئەزموونە بکۆڵرێتەوە، هێندە پەندی لێ هەڵدەهێنجرێ و سوود بەم تاقیکردنەوەیەی ئێستامان دەبەخشێ...

***ڕاتان چییە بەرامبەر کتێبەکەی ولیەم ئگلیتن کۆماری کورد ١٩٤٦، کە لە لایەن (سەید محەمەد سەمەدی)یەوە وەرگێڕراوە؟**

-مەحمود مەلا عزەت: ئەو کتێبەی ئیگلتن کە لە ساڵی ١٩٦٣دا چاپکرا.. تا ئێستاش یەکێکە لەو سەرچاوە سەنگینانەی کە بایەخی مێژوویی خۆی پاراستووە.. ئەگەر هەندێ وردە هەڵە و ناوگۆڕین نەبێ کە لە سەلیقەی شارەزایان بەدەر نییە، وا ئەو ڕەخنانەشی ئاڕاستە نەدەکرا... ئەو نووسەرە لە ناو ژیانی ناو ڕوداوەکان و دیدەنیی زۆر لە لێپرسراوانی کۆمارەکە لە سەردەمی دوا هەرەسدا، ئەو کتێبەی داناوە، نووسەر تا ئێستاش بەردەوامە لەسەر وەرگرتنی زانیاریەکانی لەمەڕ ئەو تاقیکردنەوەیە. کە بەرگی یەکەمی د.ج.ک-م بۆ نارد لە سوپاسنامەیەکدا ئەوپەڕی خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو کارە مێژووییە دەربڕی... هەروەک لە نامە بڵاوکراوەکەیدا لە ب٣-ی-د.ج.ک دا دەردەکەوێ. لێرەدا دەبێ بڵێم کە ئەو وەرگێڕانەی سەمەدی کەموکورتی زۆری تێدایە و چاپەکەشی جوان نییە، وەرگێڕانەکەی کاک جەرجیس فەتحوڵا بۆ سەر زمانی عەرەبی سەرکەوتوو پڕ سوودە.

***وەکو دەزانین ئەرشیفی دەوڵەتان (٣٠-٤٠)ساڵ جارێک دەکرێتەوە، وەکو ئەوەی ئەرشیفی بەریتانی کرایەوە و بیستمان کە مەڵبەندی کوردی لە لەندەن، نزیکەی حەوت هەزار دیکۆمێنتی کۆپی کردووە و هەر لە بەریتانیا سێ کتێبی (محمد رسول هاوار) دەرچووە کە دوو بەرگیان لەسەر شێخ مەحمود و ئەوەی دیشیان لەسەر (سمکۆی شکاک)ە، وە ئێستا جالیەی کورد لە ئەوروپا زۆرە، هەندێکیان ئاستی ئەکادیمیان باشە و زمان دەزانن لەوانەیە بیانەوێ ئەو دۆکۆمێنتانەی ئەوێ کۆپی بکەنەوە- یا پێشەکی بۆ بنووسن وەکو ئەوەی گەردە لێنسکی لە سەدەی نۆزدەدا لەسەر کورد نوسیویەتی و (د.کمال مەزهەر) فۆتۆکۆپی کردووە، هەروەها (ئیرلی پیتەر لیف) سێ بەرگی نووسیوە و (د.جەمشید حەیدەری) پێشەکی و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسیوە. جا نازانم وەزعی ئێستای کورد لەوێ ڕێگای پێ دەدات بە ئەرکی کۆپی کردن و لەسەرنووسین و کۆکردنەوەی دیکۆمێنتەکان هەستن؟**

-مەحمود مەلا عزەت: سامانی مێژوویی و کولتوریی کورد لە ناو ئەرشیفی دەوڵەتانی: بەریتانیا و، فەرەنسا و، ئەڵمانیا، و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا، کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، چاوێنی و تاڕادەیەک زۆرە، ئەمڕۆ زۆر لە بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتەکانی هاوپەیوەند بە کوردەوە ئاسان دەست دەیانگاتێ، نموونە ئەوانە لە د.ج.ک بەرگی ٣دا دەبینرێ، ئەگەر ئەم حاڵەتی دابەش بوون و خۆپەرستی و لە یەک دابڕانەی نووسەر و ڕۆشنبیران لە هەندەران نەمێنێ، دەتوانرێ کاری گرنگ لەو بوارەدا ئەنجام بدرێ، گەورە و گرنگتر لەو کارانەی کە هەندێ نووسەر و ڕۆشنبیر پێی هەستاون ئەو سێ بەرهەمەمی مامۆستا محەمەد ڕەسول هاوار، بایەخێکی گەورەیان هەیە سەبارەت بەو دۆکۆمێنتانەی تیایاندا بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر ئەو لایەنی سستی و کەمتەرخەمیە نەبێ وا ئەو بەڵگانە جێگەیان لە دەیان دانراوی لەو بابەتانەدا نابێتەوە... بەمەش دەتوانین مێژووی نەتەوەکەمان وەک بووە بە گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەی ڕەسەن بنووسینەوە.

***بۆ زیاتر بایەخ دان بەو لایەنانەی پێتان وانی‌یە پێویستە کورد مەڵبەندێکی هەبێت، بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان، یا بڵێم لەم زروفەی ئێستادا پێویستی بە دوو مەڵبەند یان چەند مەڵبەندێک هەیە بۆ پاراستنیان لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان؟**

-مەحمود مەلا عزەت:وەک دەزانن پار، ساڵی لە دایک بوونی ئەو ئەرشیفە بوو کە دەمێک بوو بیرۆکەکەی لە مێشکمدا گەڵاڵە ببوو وە یەکێک لە ئاواتەکانم ئەوە بوو کە لە کوردستاندا ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان دابمەزرێنرێ ئەوە بوو بە یارمەتی دڵسۆزانەی مام جەلال و کاک کۆسرەت و هاوکاریی گەلێ ڕۆشنبیر و وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو پرۆژە مێژوویی و شارستانییە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا لە شاری سلێمانیدا لەدایک بوو... ئەوەی پێویست بێت لە ڕووی یاسایی و سترەکتور و پرنسیپەکانی ڕێکخستنی ئەرشیف و پۆلێن و دۆسیە و ئەرشیف کردنی بابەتە جۆربەجۆرەکانی، لە ناو ئەزموونی ئەو لایەنانەدا لەو ئەرشیفەی کاری تێدا دەکەم بە یارمەتی و ڕێنمایی ئەرشیفکار و پسپۆڕانی ئەوێ بەدرێژیی خستمە بەردەستی لێپرسراوان لەم کارە، هەوڵ ئەدەم ئەمساڵیش زیاتر ڕووناکی بخرێتە سەر لایەنە نادیارەکان لەو دامەزراندنەدا کردنەوەی مەڵبەندێ یان چەند مەڵبەندێکی تر لە هەندەران، کارێکی زۆر گرنگ و تەواوکەری ئەو پرۆژەیەیە. هەم بۆ پارێزگاری کردنی ئەو دۆکۆمێنت و بەڵگەنامانە تیایاندا کۆدەکرێتەوە، وە هەم بۆ ڕەخساندنی سەنتەرێکی ڕۆششنبیری کە لێکۆڵینەوەی بابەتی و زانستیانەی ئازادی تێدا ئەنجام بدرێ. جگە لەوەی کە دەشبێتە سەرچاوەی گەشەکردنی سامانی مێژوویی و ڕەخساندنی کەشێکی دیموکراسی بۆ وشەی ئازاد..

***بە حوکمی ئەوەی بەڕێزتان زۆر وڵاتان گەڕاون، باری ڕۆشنبیری ئەو میللەتانەت لە سایەی حکومەتەکانیاندا بینیوە. بار ڕۆشنبیری کورد لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا چۆن دەبینی؟**

-مەحمود مەلا عزەت: گەشەکردنی باری ڕۆشنبیری و بوژاندنەوەی مێژوو و سامانی کولتوری نەتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر و دوور بەستراوە و پابەندی دامەزراندن و بوونی دەوڵەتی نەتەوەییە، کاریگەری دەوڵەت دەگاتە ئەو ئاستەی کە بڕیاردەری چارەنووسسازبێ لە سەقامگیرکردنی بنەماکانی دروستبوونی نەتەوە و کامڵبوونیان، لە خولقاندنی زمانی یەکگرتووی نەتەوە، لە جێگیر کردنی هەیە و پێناسە و بوونی یاسایی و نێو نەتەوەی و سیاسی میللەت، کاریگەریی بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەگەر ئازاد و دیموکرات و شارستانی بێت، نەتەوە دەخاتە بەردەم ئەو گۆڕان و پێشکەوتن و گەشەکردنە هەمەلایەنانەی کە سیما و ڕوخسار و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی ژیان دەخاتە سەر ڕێگەی ئاسایی و مێژووییەکەی.
ڕابوردووی ژیانی ئەم بەشەی کوردستان و هی ئەمڕۆی بەشەکانی تر ئاوێنەی بێگەردی ئەو بۆچوونەن.. بۆیە لە سایەی ئەم نیمچە ئازادییەی کوردستان لەم قەوارە فیدراڵییەی کە تا ئێستا لە پێناسەی یاسایی و ناوچەیی و هەرێمی نێودەوڵەتی بێبەشکراوە، وە لەگەڵ ئەو هەموو گرفتە قەبە و کۆسپە گەورانەی بەردەمی و سەرەڕای نائارامی و شەڕی ناوخۆ و ژیان و گوزەرانی سەختی ڕۆژانە... ئەمڕۆ لە ژێر سایە و سێبەری ئەم ئەزموونە بەردەوامیی بوونی ناوچەی ئارام وپاراستنی ناوچەکە لە هەڕەشەی ڕژێم و نەخشەی ناحەزان، بێ لەو هەڕەشە و لەشکرکێشیەی تورکیا کە ناهەق و زاڵمانە چاوی لێ دەرشرێ.. باری ڕۆشنبیریی ئازادیی وشە و بڵاوکردنەوە و ڕادەربڕین گەشەیان کردووە و بەرەو ئەوە دەچن کە زیاتر چوارچێوەی یاساییان بۆ برەخسێنرێ. ئەمڕۆ زەمینەیەکی کەمێ لەبار و ئاووهەوایەکی تاڕادەیەک سازاو بۆ مشتومڕی ئازاد و دیالۆگی سەربەست، لە ئارادان دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ... بۆ چەندین لایەن و گروپی سیاسی ڕۆڵی خۆیان دەبینن و تەعبیر لە ڕا و بۆچوون و هەڵوێستە جیاجیاکانی خۆیان دەکەن..
لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانرێ ئەوانە بەرفراوان و ئازادانەتر بکرێن، لە سنووری تەسکی هەندێ دیاردەی بە زیانی وەک: بەربەرەکانی نائاسایی، ئیستیغلالی قەڵەمی نووسەر، تەنگ هەڵچنین بە هەندێ قەڵەمی پێگەیشتوو، زۆر و بۆریی هەندێ بڵاوکراوە، سەپاندنی بیروڕای نائاسایی پشت بەستوو بە هەندێ ناوەندی دەسەڵات و خۆسەپاندن و خۆپەرستی... دەربهێنرێن و بخرێتە سەر ڕێبازی ئاسایی شەڕە نەعلەتیە سەپاوەی ناوخۆ لابەلابکرێ و دروستی خۆیان... ئەگەر ئەم کارەکان لەوە گەورەتر دەکرێن... بەراوردێکی ئەم سەردەم و سەردەمە ڕەشەکانی حوکمی ڕژێمی بەغدا، جیاوازییەکی گەورە دەهێنێتە بەرچاو، ئەوەی ڕۆشنبیر و خەڵکی خوێندەوار چاوەڕوانی دەکەن، بۆ پێشەوەچوون و گەشەپێکردنە، سوود وەرگرتنە لە هەموو تواناکان. هەرچەندە حاڵەتی وەستاو، یان جووڵەی کەم سوود، لەو دامودەزگایانەدا دەبینرێ کە لەو بوارانە بەرپرسیارن لام وایە هۆی ئەوانە شارراوەنین و کاتی ئەوە هاتووە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە...

***جەنابتان لە دیدارێکدا، باس لە عەقڵیەتی سیاسی کورد دەکەن، پێتان وایە عەقڵیەتی سیاسی کورد، توانیویەتی لە بەرامبەرەکەی بگات و مامەڵەی لەگەڵدا بکات؟**

-مەحمود مەلا عزەت: نەخێر، بەپێچەوانەوە، چونکە لە هیچ یەکێک لە پلە و سەردەمە جیاجیاکانی مێژووی سیاسی و هەلەمێژووییەکاندا، دیاردەی تێنەگەیشتن لە بەرامبەرەکە، مەبەستم لەوە، زیاتر گەورە هێز و دەوڵەتی بڕیار بەدەستە، تێنەگەیشتن لەو نەخشە و سیاسەت و دیپلۆماسیەتە ناوەندییە کە ڕاستەوخۆ ئایندەی کێشەکەی کوردی پێوە بەستراوە بووە، لە ئارادا بووە، ئەقڵی سیاسی کورد پەی بە ڕۆڵی چارەنووسساز و مانۆڤرە سیاسیەکانی زلهێزەکان نەبردووە و نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە بتوانن خۆیان لەگەڵ هەلومەرجە سازاوەکاندا بگونجێنن، لەو ئاستەدا نەبوون کە بەرامبەر دیپلۆماسێتی سەردەمەکە، نەخشە و کاری دیپلۆماسییانەی خۆیان هەبێ بۆ سوود وەرگرتن لە دۆخە ڕەخساوەکە و سەرچاوەکەی، بۆ خۆ لادان لە بەڵای ناکۆکییە سەرەکییەکە و سڕکردنی لامە و ناکۆکییە ناسەرەکییەکان و ئاڕاستەکردنی تواناکان ڕووبەڕووی دوژمنی سەرەکی وە بۆ دۆزینەوەی ئەڵقەی بۆش یان ئەڵقە بۆشەکانی دەوری کێشەکە لەسەر شانۆی سیاسی نێونەتەوەیی. دیارە لەوانەدا مەبەستم لایەنە سەرەکی و ناوەندەکانە، نەک سیاسەتە ئاشکراکان... با لە هەر یەک لەو سێ هەلە مێژووییەی لەم سەدەیەدا بۆ کورد ڕەخسا سەر و نموونەش بخەمە پێش چاو:
-لە سەردەمی حوکمداری و مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمودی نەمردا ١٩١٨-١٩٢٤ کە بە سێ پلەدا تێپەڕی... ئەقڵی سیاسیی کورد نەیتوانی لەم دیاردە ناوەند چارەنووسسازانە بگات:
یەکەم: ستراتیج و نەخشە و سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا بەرامبەر بە کورد وە لە سەرەتادا، وەک بڕیار و بەرنامە بۆ کار لەسەرکردن لە ئارادا نەبووە، بەڵکو ئەفسەرە سیاسییەکان کە کارەکانیان درابووە دەست سەرچاوەی بڕیار و هەڵوێست وەرگرتن بوون، ئەوانەش لە سێ گروپی سەرەکیدا خۆیان دەنواند:
گروپی یەکەم: لەگەڵ بەستنەوەی باشووری کوردستاندا بوون بە میسیۆپۆتامیاوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سوننە مەزەبی عەرەبی ڕەگەز.
گرووپی دووەم: لەگەڵ ئەوەدا بوون کە نابێ پێش لێکۆڵینەوە لە کورد و لە کێشەکان، هەڵوێستێکی سەقامگیر وەربگرێ، بەڵکو ئەمە دوا بخرێ بۆ ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە.
وە گروپی سێیەم: لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەت بوون بۆ کورد...
لە دواییدا، سەبارەت بە گەلێ هۆ کە یەکێکیان ئەم دیاردەیەیە کە قسەی لەسەر دەکەم، یەکەم گروپ سەردەکەوێ، ڕا و هەڵوێست و بۆچوونەکانی دەبنە زەمینە بۆ سیاسەت و نەخشەی ئینگلیز لە دژی کورد و بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتەکەی کوردستان...
دیسان ئەقڵی سیاسی کورد مامەڵەی لەگەڵ ئەو واقیعە کرد کە پەیوەندی بە سیاسەتی بەریتانیاوە هەیە لە دژی تورکەکان، هیچ لێپرسراو و ئەفسەرێکی سیاسی ئینگلیز چاوی لە مامەڵە کردن لەگەڵ تورکدا نەدەپۆشی و ڕاستەوخۆ لە دژی دەوەستا، هەروەک چۆن چاویان لە جۆری بەربەست کردنی هەڕەشەی کۆمۆنیزم نەدەپۆشی. ئەو تێنەگەیشتنە بۆ ئەو دیاردە مێژووییە، لە ناو نووسەر و ڕۆشنبیراندا یان لە ناو زۆربەیان، تا ئێستاش بەردەوامە...
دووەم: لە سەردەمی جمهوریەتی کوردستان -١٩٤٦-و ئەزمونەکەی مهابادا ١٩٤١-١٩٤٦، ئەقڵی سیاسی کورد مامەڵەی واقیعی ڕا و بۆچوون و نەخشە و هەڵوێستەکانی یەکێتی سۆڤیەتی نەدەکرد، لە مانۆڤرە سیاسییەکان لە پێناوی

ـــــی رووناکبیری و سیاسیی کوردستان

نەوت و سەپاندنی نفوزدا، نەدەگەیشت، تەنانەت نەیدەتوانی لە بەڵاو کاری بە زیانی تاکە دۆستە ستراتیجیەکەشی (ئازەربایجان) خۆی لابدات، بۆیە لەگەڵ ئازربایجاندا بە ئاسانی لە ناو ئەو داوەی بۆیان سازکرابوو خنکێنران..

سێیەم: ئەم کوردستانە فیدراڵییەی ئێستایە: ئەگەر ورد سەرنج لەو دەرفەت و مامەڵە و هەل و مەرج و دیاردانە بدەین کە دەوری ئەم فیدراڵە و ناوچەی ئارامی داوە، وا دوو دیاردەی زەق دەکەونە بەرچاو، دوو دیاردەی دژ بەیەک، یا نەگونجاو نەسازاو لەگەڵ یەک: ئەم وەزعەی ئێستای کوردستانی عێراق لە ناو ناوچەی ئارامدا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ وجوودی هەیە و مامەڵەی هەرێمی نێونەتەوەیی لەگەڵ دەکرێ. بە شێوەیەکی ڕەسمی نیمچە ڕەسمی وە نارەسمی لەبەر گەلێ هۆ، لەوانە: بوونی پەرلەمان و حکومەت بە هەڵبژاردنێکی ئازاد، مامەڵەی دەوڵەتانی خۆرئاوا بە تایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و... سەردان و کۆبوونەوە یارمەتی و پارستنی.. تاد، ئەمانە بۆ ئەم قەوارەیە پێناسەیەکی ناڕاستەوخۆ و هەندێ جار ڕاستەوخۆیە، زەمینەیەکی تەواو لە بارە بۆ ئەو بۆچوونە کە کورد لەسەر ڕێبازی خۆی بۆ ئامانجە دوورەکەی هەنگاو دەنێ یا هەنگاوی پێدەنرێ... ئەگەر بە مەزنە و خەیاڵیش بێ..

کەچی وەک لە هەمان کاتدا نەبوونی پێناسەی یاسایی و سیاسی دیپلۆماسی، چ هی ناو سنووری جوگرافی عێراق و چی لە هەرێمەکەدا وەچی بۆ ئەو دەوڵەتانەی ئەو مامەڵانەی لەگەڵدا دەکەن کە گەورەترین کۆسپی بەردەمێتی و تەم و مژیشی خستۆتە سەر پاشەڕۆژی ئەزموونەکە.

بەڵام ئەمەیان بۆ ئەو واقیعەی تر کەوا زیاتر لە شەش ساڵە دەوامی هەیە، نەبۆتە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ ئەگەر ئەقڵی سیاسی کورد بزانێ و بتوانێ واقیعبینانە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بجووڵێتەوە کە، وە نەیەڵێ لەوە زیاتر لە بایەخی ئەزموونەکە کەم بکرێتەوە، زیاتر جێگەی پێ لەق بکرێ.

جا لە ناو ئەو بارودۆخەدا، بەلاخستنی مێژووی پڕ لە کارەسات و ئەنفال و چەکی کیمیاوی و جینۆسایدی کورد، بادانەوە بۆ لای بەغدا، بەبێ بوونی چەترێکی نێودەوڵەتی، بڕوا بوون بەوە کە چارەسەر هەر لە بەغدایە، ئەو واقیعە پێنەگەیشتووەی ئەقڵی سیاسی کورد دەردەخات... ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە تێگەیشتنی بارودۆخەکان، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشوو، بەر لە خۆ و لە دەورووپشت و لە سەرچاوەی بڕیار تێگەیشتنە.. تا بتوانین ژیرانە مامەڵەیان بکەین و ئەم ئەزموونە بپارێزین و گەشەی پێبدەین.

***وەکو دەزانین پەیمانی سیڤەر بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و مافەکانی کوردا بوو، بۆچی هەندێ نەتەوە کە نەبوون کران بە دەوڵەت و کورد نەبوو بە دەوڵەت؟**

-مەحمود مەلا عززەت: دانەمەزراندنی دەوڵەت یان ڕوخاندنی دەوڵەتەکەی باشوور، جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی سیڤەر کە کوردی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەبرد، ئەگەر کاریان لەسەر بکرایە، ئەوانە پەیوەندییان بە گەلێ هۆ و فاکتەری خۆیی، هەرێمی نێودەوڵەتیەوە هەبوو، کە بۆ ئەو کاتە و تا ئێستاش ڕۆڵی دەوڵەتە گەورە بڕیار بە دەستەکان چی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بۆ ئەو گەلانەی کە نەگەیشتبوونە ئاستی بە نەتەوە دانا، وە چی بۆ دانەمەزراندنی دەوڵەت بۆ ئەو گەلانەی کە بە نەتەوە دادەنران، چارەنووسساز و بڕێنراوە بووە، فاکتەری خۆیی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و ڕۆشنبیری و ئەقڵی سیاسی سەرکردایەتییەکانی کورد هۆی سەرەکیی خۆیی بوو بۆ ئەو دیاردەیە... زیرەکی مستەفا کەمال ئەتاتورک، جەربەزەیی و دیپلۆماسییەتە سەرکەوتوانەکەی، کە تورکیای لە ناو ڕوخاندن هەستاندەوە، ناکۆکییەکانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی لابەلا و چارەسەر کرد، توانی یەکێتی سۆڤیەت بکات بە دۆس و یارمەتیدەری ستراتیجی خۆی، گرفتەکان لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکاندا لابەلا بکات... وەستانی بەرامبەر ئەنجامدانی بەندەکانی سیڤەر و سادەترین مافی کورد، ئەم هۆیە هەرێمیەش کاریگەرانە ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی دانەمەزراندنی دەوڵەت بۆ کورددا بینی...

*ئێوە پێتا وایە شێخ مەحمود لەسەر بنەمای مەزهەبی بوو حوکمڕانی نەکرد، یان لەسەر ئەو بنەما و پرۆگرامەی کە (ئارنۆلد وڵسن) (سیر پرسی کوکس) بۆیان دانابوو حوکمڕانی بکات؟

-مەحمود مەلا عززەت: لە ڕاستیدا شێخ مەحمود لەسەر هیچ یەکێک لەو بنەما و بەرنامەیە حوکمی نەدەکرد، ڕاستە پرنسیپەکانی ئایینی ئیسلام بۆ شێخ وەک قوتبێکی گەورەی ناوچەکە سەرچاوەی بڕیار و فرمان و سزابوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قسانەی کە بۆی دروست کراوە، گوایە بە فەقیانەکەی تەوقەی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کردووە، ئەسڵ نییە، ئەوانە چاو لەو ڕاستیە دەپۆشن کە وەزیری ئابوری (کەریم عەلەکە) مەسیحی بووە، وە کە ئامانجی سەرەکی ئەو دامەزراندنی دەوڵەت بووە بۆ کورد.

ئەوەی ئاشکرایە حکومەتی مەلیکایەتیەکەی شێخ مەحمود بەرنامەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بڕیار لەسەر دراو بە مانا سەردەمەکەی نەبووە.

ڕەنگە ململانێ و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی بەردەوام ڕۆڵی لەوەدا بینیبێ... ئەو وەرچەرخاندنانەش لە سیاسەتەکەیدا بەرەو تورک، هەر لە بێ هیوایی و لە دژە کرداری ئەو ئینگلیزانە بوو کە لە دژی شێخ کاریان دەکرد، بەتایبەتی کردەوەکانی ئارنولد ولسن، پرسی کۆکس، مێجەرسۆن و گروپەکەیان کە هەموو هەوڵێکیان بۆ دامەزراندنی وڵات و دەوڵەتی عێراق بوو بە باشووری کوردستانیشەوە کە لەوەدا شێخ مەحمودیان بە کۆسپ و هەڕەشەی گەورە دادەنا...

***بابێینەوە سەر حکومەتی ئێستا و بپرسین ئەو چەند واقعەی دوای ڕاپەڕین بەسەر کوردستاندا هاتووە وەکو بەرەو دابەش کردن و حکومەتی ئیئتلافی و وەزعی ئێستای کورد ئەمانە لای جەنابتان تا چەند دڵخۆشکەرن؟**

-مەحمود مەلا عززەت: ڕاپەڕین، یەک ڕووداوی جەماوەریی چەکداریی و شۆڕشگێڕانەی ناو ژیانی سیاسی و خەباتی دوورودرێژی نەتەوەی کوردبوو.. بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا جەماوەر بەو فراوانی و حەماسە سەبارەت بە گەلێ هۆ و ڕووداو و بتوانێ خەباتی چەکداری لە شاخەوە بۆ شار بگوێزێتەوە، لە ماوەیەکی کورت و چاوەڕوان نەکراودا بۆ تار و مارکردن و لە ڕیشە هەڵکەندنی بوونی ڕژێم، هەروەک ئەو جەماوەرە بیەوێ لە چەند ڕۆژێکدا تۆڵەی بەرودوا لەو هەموو زوڵم و زۆر و کۆمەڵ کوژیی و چەکی کیمیاوی و کارەساتەکانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد بکاتەوە کە نزیکەی یەک چارەکەسەدە درێژەی هەبوو...

ئەم ڕووداوە، گەردلوی دەریای تۆڵەی پەنگەوە خواردووی ناو سینە و دەروون و مێشکی جەماوەر بوو کە لەگەڵ هەڵەبجەدا ئەو هەژانە گەورەیەیان لەناو کورددا خولقاند، هەروەک چۆن کارەساتەکانی خوڵقێنەری بوون، خۆشی بوو بە هۆی لەدایک بوونی دیاردەی مەزنی ڕابوونە چەند ملیۆنییەکە کە وەک بورکان تەقییەوە و دنیای هەژاند، لەگەڵ خۆشیدا ناوچەی ئارامی بەوە لەدهێنا، لە میشەوە بۆ هەڵبژاردن و ئینجا بۆ پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی کوردستان.. دوای ناچارکردنی جەیش و داموودەزگاکانی ڕژێم کە بەشێکی گەورەی کوردستان چۆڵ بکەن بۆ خەڵکی کوردستان.

ئەوانە بۆ خۆیان مێژوویەکن، خوڵقێنەری مێژوویەکی نوێن، ئەم واقیعە نوێیە سەپێنراوە بووە ئەزموونێکی گەشاوە، ئەم ئەزموونەی کە سەرەڕای ئەو گرفتە گەورە خۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیانە، لەگەڵ ئەو هەڕەشە گەورانەی دەوری و هەڵەی سەرەتا.. وە سەبارەت بەو هۆیانەی کە بە سەلیقەی خوێنەر ئاشنان... تا ئێستاش گەورەترین دەستکەوتی نەتەوەی کوردە ئەگەر شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆ بیەڵێت، وا ئەو پاشەڕۆژەی لێ چاوەڕوان دەکرێ کە لەمەوبەر ئاماژەم بۆ کرد.

***بۆ دروست کردنی گوتارێکی ڕۆشنبیری کوردی کە تایبەتمەندی کوردی هەڵگرتبێ، چی بکەین، کە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە گوتارێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە کورد بێنینە ئاکام؟**

-مەحمود مەلا عززەت: خولقاندنی خوتابێکی ڕۆشنبیریی، وتارێکی ڕووناکبیری تایبەت بە کورد پێویستی بە ڕەخساندنی مەرج و بنەمای ڕۆشنبیریی ڕەسەنە کە لە سەرەنجامی بەهێز بوونی هۆش و هەست و نەستی نەتەوایەتی و هۆشیاری سیاسی لەدایک دەبێ.

لەسەر ئەم زەمینەیەش ڕووناکبیران یەک دەگرن و لەبەر تیشکی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەکەیان ئەو وتارە دادەڕێژن و دەبێتە سەرمەشقی ژیانی ڕۆشنبیریی و سیاسی ناو جووڵانەوەی نیشتمانی و ڕزگاریخوازی نەتەوە.. کە ئەوانە تا ئێستا بە داخەوە بوونیا هەست پێ ناکەم... خۆیەکانیشی ناگێڕمەوە تەنها بۆ لایەنە کلاسیکییە باسکراوەکان، بۆ پارچە پارچەیی نیشتمان و هێز و توانای کورد، بۆ دوژمن و ئیمپریالیزم و دەستی ناحەز. بەڵکو لەمەدا دەیگێڕمەوە بۆ کورد خۆشی: *بۆ ئەو نووسەر و ڕووناکبیرانەی تا ئێستا خۆپەرستی و گۆشەگیریی و چاوپۆشینی لە هەق خۆ کەڕکردن لە ئاست ناهەقدا بوونەتە پرنسیپی ڕۆشنبیرییان... *بۆ ئەو مەڵبەندی دەسەڵاتەی دەیەوێ ئازادیی قەڵەم وشەی ڕەسەن دابڕبکات یان بە پارە دەوربدا و هەر ڕۆژە بڵاوکراوەیەک بۆ مەبەستی تایبەت، قوت دەکاتەوە.. بۆ ئەو ڕوناکبیر و نووسەرانەی بە ناوی بێلایەنییەوە. لە خراپترین شێوەی بەدناوی بەلایەنیدا، ئاژاوەی بیرۆکاریان خولقاندووە...

زەمینەی خیتابی ڕوناکبیری، لەسەر ڕێبازی لابەلاکردنی ئەو دیاردە ناقۆڵا و بەزیانانە دەهێنرێتە ئاراوە...

***بە بۆچوونی بەڕێزتان ڕاپەڕین چەند کاریگەری هەبووە لەسەر ڕۆشنبیری کورد لە ڕووی سایکۆلۆژی و داهێنانەوە؟**

-مەحمود مەلا عززەت: ڕاپەڕین بۆخۆی، مێژوویەکە دوو سەردەمی تەواو دژ بەیەک-ی لێک ترازاند، سەردەمی داگیر کردن و تراجیدیای جینۆسایدی کرود.. لە سەردەمی پاکسازی داگیرکەر و ناوچەی ئارام و ئازادییەکی چاوێنی لە ناو قەوارەیەکی دیفاکتەری تەمەن نزیک بە حەوت ساڵ.. ئەم جیهانە نوێیە هاوتەریب بە خێرایی ڕوداوە وەرچەرخێنەرەکان، کاری لەسەر ناخ و دەروونی کورد و ڕووناکبیرانی کورد کرد، پرۆسەیەکی کاریگەر بوو لە چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆجی ئەگەر بنەڕەتیش نەبووبێ..

سەرچاوەیەک بوو بۆ داهێنانێکی نوێی نزیک بە شارستانی و جیاواز لە داهێنانەکانی شاخ، بەپێی جیاوازیی پلە و قۆناغی خەبات.

ئەگەر شەڕی ناوخۆ و ئەو هەموو نەهامەتییە سیاسی و ئابووری و گوزەرانە خراپانەی تەکی نەبوونایە، وا ئەو وەرچەرخانە بەرفراوان و قوڵ و کاریگەرتر دەبوو... ئەگەر ئەو دیاردە نامۆ و خراپانەی تر، کە ئاماژەم بۆ کردن، نەبوونایە وا ئەو کارە نائاساییانەی پەکخەری هەندێ قەڵەم و کۆڵکردنی هەندێکی ترن، نەدەهاتنە ئاراوە... حاڵەتە دیکتاتۆری و کۆیلەیەتییەکانی دەگۆڕی و باشتر و لەبارتر پێچەوانەکانمان سەریان دەردەهێنا، داهێنانەکان لە ئاست گەورەیی ڕووداوەکاندا دەبوون... لە ناو ئەوانەشدا شەڕی ناوخۆ جۆرێکی تر لە داهێنانی خولقاند... نکۆڵی کردن لە هەموو بوونێک ڕیسوا کردنی ئەوەی دەم و نوکی قەڵەمی ئەو داهێنەرانە دەیانگەنێ کە نامۆ و ناڕەسەنن بە گەل و لەگەڵ...

***جگە لە مێژوو و سیاسەت چ خولیایەکی دیکەتان هەیە؟**

-مەحمود مەلا عززەت: بوارەکانی فەلسەفە، دیپلۆماسیی ناو باری ئاڵۆزی جیۆپۆلیتیکی کوردستان، لە ناو وەرگێڕان و نووسین و لێکۆڵینەوەکانمدا جێگەی تایبەتی خۆیان گرتووە.

***دەربارەی بارودۆخی ئایندە چی دەڵێین؟**

-مەحمود مەلا عززەت: گرفت لە کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی کورد چی لە ناوخۆ و چی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتاندا، سەرەڕای ئەو هەموو گرفت و ئاژاوە و شەڕ و بۆشاییانەی دەبینرێن.

ئەمڕ لە هەموو سەردەمێکی تر زیاتر گەشەی کردووە، هەنگاوی گەورەی ناوە بەتایبەتی لە باشوور کوردستان بە پلەی یەکەم وە لە باکوری کوردستان بە پلەی دووەم. ئەم ئەزموونی کوردستانی فیدراڵە، تا ئێستاش گەشاوە و بە ئومێدترین هەلی ئەم سەدەیەیە کە بۆ کورد ڕەخساوە.

سەرجەمی دیاردەکان، ئەو بایەخ و گرنگی پێدانەی دەوڵەتە گەورە بڕیار بەدەستەکان ئەوە دەگەیەنن کە ئەم دیفاکتەیە دەکرێتە دیژۆرێک حەتمی، ئیتر بە هێشتنەوەی ئەم بارودۆخەبێ، لە ناو وەزعێکی یاسایی نوێی عێراقدا، وەک لایەنە کەمەکەی مافی سیاسی و دیموکراسی و مرۆڤی یان، وەزعێکی گەشەکردووتر.. ئەگەر ئاژاوەی ناوخۆ ئەزموونەکە زیاتر بەرەو هەڵدێر نەبات و سنوور بۆ دەست تێوەردانی دەوڵەتانی هەرێم دابنرێ، بەڕێکخستنی کاروباری ناوخۆ و یەکێتی ڕیزەکانی کورد و وە بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ بە دیالۆگی دیموکرات و ئازادانە..

***دوا پرۆژەت بە چییەوە سەرقاڵیت؟**

-مەحمود مەلا عززەت: گەلێک پرۆژەی ترم بەدەستەوەن ئەوانەی کاریان لەسەر دەکەم وەک ساڵی پار ئاماژەم بۆ کردون:

-کورد لە ناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا، کە تەرخانم کردووە بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی سیاسی و سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد لە دوای یەکەم جەنگی جیهان، وەک لەمەوبەر قسەم لەسەر کرد.

-ئەزموونی زیندانیم لە هەیئەی تەحقیقی خاصە لە کەرکوک و ئەمنی عامە لە بەغداد ١٩٨٠-١٩٨١.

-کورد و ململانێی دیپلۆماسی.

***نیازت وایە لێرە جێگیر بیت و نەگەڕێیتەوە گەر بەڵێ، حەز دەکەیت لێرە بۆ کورد چ پرۆژەیەک ئەنجام بدەن؟**

-مەحمود مەلا عززەت: بێگومان دەمێکیشە لەگەڵ ڕێکخستنی کاروبارەکانم خەریکم بۆ گەڕانەوەم، هەموو ئومێدێکم ئەوەیە کە ماوەی تەمەنم لە شارەکەمدا ببەمەسەر، گەلێ پرۆژە و کارو پێشنیار بیرۆکەم لەمێشکدایە ئەگەر تەمەن باقی بێ و کۆسپ نەیەتە ڕێی هیواکانم.

دوو ئەرکی مێژوونووسی

سەلاحوددینی موهتەدی

خاقانی یەکێک لەهەرە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئێران و کۆڵەکەیەکی بەهێزی زمانی فارسی یە لە سەدەی شەشەمی هیجریدا، برادەرێکی خۆشەویستی خۆی لەدوای مەرگی بەم شیعرە دەیلاوێنێتەوە:

(همی گفتم کە خاقانی دریغا گوی من باشد دریغا کە شدستم من دریغا گوی خاقانی)

تەرجەمەکەی بە کوردی

بەتەما بووم خاقانی شیوەنم بۆبگێڕێ بەداخەوە وامنم شینی لەسەرئەکەم

لەراستیدا من لەوانە بووم و کەمیش نەبووین ژمارەی هاودەم و هاورێکانی مامۆستا مەحموود کە ئارەزوومەند و ئاواتەخوازبووین قەڵەمی بە بڕشتی لەدوا هەوارا فرمێسکی ماڵاواییمان بۆ هەڵڕێژێ بەڵام ئێستامنم پێیدا هەڵدەڵێم و شینی لەسەر دەگێڕم!

ئێستا ئێمەین لەبەردەم رەفیقە خۆشەویستەکەمان وەستاوین بە کۆڵێک پرس وترسەوە:

چم بەسەردێ کەنەمام ومردم؟ پەڕی بەربایەک و خۆڵی وردم!
تۆبڵێی پاش نەمان ژینیبێ؟ بۆ لەشی ساردەوبوو تینێبێ؟
تۆبڵێی ئەوخەوە هەستانی بێ؟ یانەئەو قافڵەوەستانی بێ؟
داخم ئەورازە لەبن سەرپۆشە سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە!

نەهەڵۆ تیژباڵ وبەرزەفڕەکەی"پۆشکین" و"خانلەری" و"هەژار"و"سوارە" کە هاوتاو هاوسانی مامۆستابوو، نەپیرەمەردە حەکیم و هۆشمەندەکەی"نەیشاپوور" کە مامۆستا هێندەی ئیرادەت هەبوو لە خزمەتیا، نەخواوەندی شانۆ نامە شکسپێری مەزن کە رستە ساکار بەڵام بێ وەڵامەکەی:"هەبوون یانەبوون" ئێستاش لە گوێی ئادەمیزادا دەزرنگێتەوە/ هیچیان رچەشکێن و رێنوێن نین و کەس نییە لەشەوە زەنگی گومان پەلکێشمان بکا بۆ کازیوەی حەقیقەت.

ئێمەین ومامۆستا و دەریایەک دوو دڵی و سەرسووڕمان. بە گۆترە لەو ئەنگوستە چاوەی جیهانا پەل ئەکوتین و پائەنێین وپەی پێ نابەین. لەناو گێژەڵووکەی ژیان گێژین ولافی زانست وزیرەکی لێ ئەدەین. سەرخۆش وبێهوشین و خۆمان بەهوشیار و ئەغیار ئەزانین.

مامۆستا لە جیهانی روونا فێرکردن و پەروەردەی پێ سپێردرابوو نەتەنیا خوێندکارانی گەنج بەڵکوو ئێمەی ریش سپی چاویلکە لە چاویش دەستمان بەداوینی گرتبوو راز و رەمزی حەیاتی لێ فێردەبووین، بەڵام ئێستا " ناگاتە دامەنی دەستی دوعا" !

لەو رۆژەوە کەلە سەیوان و لەناو"ئەنجومی قبوور"دا بەجێمان هێشت پە یوەندمان پساوە، رێگەمان براوە و دەرگای ئامۆژگاریمان لێداخراوە. ئاخ خۆزگە بۆ پەیوەندێک، پەیامێک، کەلامێک، دەربڕینی رایەک، رانانی راستی‌یەک!

کام راستی؟ تەمەنمان تەرخان کرد بۆ دۆزینەوەی مانای ژیان سەرەنجام دەست بەتاڵ و مایە پووچ دەرچووین. دەرکەوت هەموو رامانێک دەگاتە دامانێک! کەچی ئێمە دڵخۆش و دەست خەرۆی تەنکاوی عەقڵی تەسک بینین!

خۆزگە، مامۆستادەبوو بە نوێنەری عەقڵی ئێمەو لەوێ چاوی دەگێڕا و گوێی‌دەگرت و کۆمەڵێک راستی رووت، حەقیقەتی بزری دەخستە ناوهەگبەی قووڵ و هەراوی هۆشی‌بێ هاوتای و مەندوئارام-وەک هەمیشە-دەگەڕاوە بۆ ناومان، سەری بەماڵی هەمووماندا دەکرد و خەرمان بەرەکەت هەرکەس چەندی هەڵدەگرت، بەشی خۆی وەردەگرت!

ئەگەرجارێکی دیکە دەنگ و دەستمان پێگەیشتبایە من جگە لەو هەموو پرسە ئەزەل و ئەبەدییە، داوێنم دەگرت و بەرم نەدەدا هەتا هەموو مێژووی جمهووری کوردستانم پێ تەواونەکردبایە. بە بەڵگە نامەو گێڕانەوە و لێکدانەوەکانیشەوە. دەستنووسەکانی پێشەوام پێ کۆدەکردەوە، سەرەهەودای ئەم گلۆلە ئاڵۆزەم پێ دەدۆزیەوە، گرێ کوێرەکانی مێژووم پێ رەهادەکرد و دەقێکی پڕلە دڵنیاییم ئامادەدەکرد کە لەمەکتەب وخوێندنگاو زانکۆ بەمناڵەکانمانی بڵێینەوە.

بەڵام هەرئێستا و بەبێ ئەوەی ئەم بەختەمان هەبێ یا ئەو خەونەمان وەدی بێت هەرئێستا ئاوێنەیەکی بۆ راگرتووین کە رابوردووی تێدا ببینین و ئایندەی تێدا بەدی بکەین.

کۆمەڵە نووسراوەکانی مامۆستا مەحموودی مەلا عیزەت لەسەر جومهووری کوردستان زیاتر لەوەکە مێژوونووسی بێت، مێژوو ناسی‌یە.

سەرکردەکانمان، دیپلوماتەکانمان، سیاسەتمەدا رانمان، ژنەراڵەکانمان پێویستە بیخوێنەوەو جارێک ودەیان جار پێیدابچنەوە. گەنجەکان بە دەرس بیخوێنن و ئامۆژگاری لێوەربگرن. لێکۆڵەرو مامۆستاکان شێوەی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و بەراوردی لێ فێرببن و نووسەرەکانی مێژووی ئێمە چاوێکی پێدابخشێنن و وشەرم بیان گرێ و حەقیقەت نە فرۆشن، بزانن و بوێرن تا لەسەر خۆشەویست ترین و پیرۆزترین کەسانی نیشتمان راستی‌یەکان بدرکێنن و رەخنەبگرن و رێنوێنی بدەن بە نەسلی نوێ.

پەردەپۆشی و حاشاکردن، پاکانە وپینەوپەڕۆی بە درو بۆ رابردووی خۆمان، مەحکوممان دەکا بەوەی کە هەڵە و هەڵدێرەکانی مێژوو دووپات بکەینەوە.

لە هەمانکاتدا دەرخستنی فیداکاری و دڵسۆزی، پیاوچاکی ودڵپاکی سەرکردەو قارەمانەکانی رابوردوو، هەقێکەو قەرزێکە لە ئەستۆی ئێمە. شانازی و سەربەرزی و ورەمان پێدەبەخشێ.

مامۆستا مەحموود بەچاوی وردبین وسینەی فراوان و ئینسافی مێژوونووسی‌یەوە هەردوو ئەرکەکەی دەرک کرد و بەئەمانەت وشەرەفەوە بەجێی گەیاند.

چەند بیرەوەرییەک لەگەڵ مەحمود مەلاعزەت-دا

جەمال عەبدول

بەهۆی خۆشباوەڕی و دڵپاکی و بێ چاووڕاوی و بێتەڵەکەیی و بێ فروفێڵی و هەست و دڵناسکیی نائاسایی بێ سنوورمەوە، کە نە ئازایەتی و نەگوناهی خۆشمی تێدایە و وا دروست بووم، گەشت و خەوی ژیانم لەو بابەتانەبوو، کەستەمە بتوانم هیچ شتێکی بیرخۆم بەرمەوە و بەهرەی فەرامۆشی، پەردەی کاڵبوونەوە و ئارامی بدەن بەسەر گەورە و بچووکی رووداوەکانیداو، ئەمەیش هۆی سەراپا نا ئاسوودەیی و خەمناکیی ژیان و هەست و ناخم بوو...!

زۆرجار، ژانەکانی رابوردوو، ئەبنەهۆی بارسووکی و ئارامیی ئێستامان، بە تایبەتی ئەگەر کوێرەوەری و چەرمەسەرییەکانی ژیان، چۆکیان بەورە و خۆڕاگری و خەبات و هەوڵ و کردە و کۆشە و باوەڕمان دانەدا، ئەوا هەر کارەساتێکمان بەو ژانەگشتییانە پێواو بەراوردکرد، ئاسایی و بچووک ئەنوێنن...!

گرنگ و کاریگەرترین پەند کە لەو گەشتە پڕمەینەتییەی ژیان فێربووم، ئەوەبوو کە (راستی) گران و سەخت و تاڵترین باجی هەیە، بەڵام گەورە و خۆش و ئارامیهێنترین بەرهەمیشی هەیە، کە دەستەبەرکردنی باوەڕو دڵنیایی دوژمن و ناحەزە، پێش دۆست و، ئاسوودەیی لیپ و تاسەری ناخ و دەرووتە...!

چل و حەوت ساڵ لەمەوبەر، لە یەکەم ساڵی خوێندنی زانکۆدا، لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و لاوانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، مەحموی مەلا عیززەتم ناسی، کە هەر زوو سەرنجی راکێشام و ئەوەندە مرۆڤێکی کراوە و سەر و زمان و رووخۆش و چوست و چالاک و بزێو بوو، وام ئەزانی زۆر دەمێکە ئەیناسم و هۆگری یەکتربووین و بیروبۆچوونەکانمان گەلێکی لێک نزیک و پێکەوە دەگونجاوبوون و هەموویشمان، بێبەشی و چەوساوەیی و ماف زەوت وپێشێلکراویی نەتەوە کۆی ئەکردینەوە...!

زۆری کاروبارە حیزبی و رێکخراوەییەکانی ئەو سەردەمەمان پێکەوە رائەپەڕاند، کەیەک دوو ساڵێکی خوێندنمان، بەر سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوول کەوت...

من هەر لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندییەوە، ئەوەندەی پێویست بەهرەی وێنە کێشان و خۆشنووسیم هەبوو، بۆیە هەرزوو وەک نەریتی ناچاری و باوی رێکخستنەکانی ئەو سەردەمە بە یاننامە و شتیان پێئەنووسیمەوە و لەوێش، زۆری ئەو ئەرکانە لەکاتی ناساز و پەککەوتندا بەمن ئەسپێردرا، شەوەها پێکەوە ئەچووین بۆ لانەیەکی نهێنیی قوتابیان لە (راغیبەخاتوون)، کە شەهید مەئمون دەبباغ و چەند برادەرێکی تری سەرکردایەتیی قوتابیانی ئەوکاتە خۆیان لێ حەشارئەداو، تا بەرەبەیان خەریکی بەدەست ستێنسڵ نووسینەوە و ئەوجۆرە ئیشانەبووم و جارەهایش بە هاوکاریی ئەو و چەند کەسێکی تری وەک خۆمان شەوەهامان رۆژئەکردەوە بەدروشم نووسین، لە کاتی رێپێوان و بۆ ئەو یادە نەتەوەییەکاندا لە بارەگای ئەوکاتەی پارتی لە سەعدون، نزیک ستودیۆ پاک و، شەوەهایش لەگەڵ قوتابیانی تری هەموو کۆلیجەکانی زانکۆی ئەوسای بەغا، بەیاننامەکانی رێکخستن و چالاکی و هەواڵنامەکانی شۆڕش و پێشمەرگەمان بڵاوئەکردەوە و ئەبرد بۆ باڵێۆزخانەکان یان ئەمان گەیاندە ماڵە بەرپرسەکان و تووشی جۆرەها رووداوی خۆش و ناخۆش ئەبووین و، یان هەڵمان ئەواسین بە وێستگەکانی پاس و پایە و شەقام و مەیان و شوێنە بەرچاووکانی ئەوسای بەغادا.

دواتر، لە (١٩٦٣، ١٩٦٤)ەوە تا١٩٧٠، دیسان لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، کە سکرتارییەتی ئەوسا، لە ڕێی شەهید (عومەر تۆفیق)ەوە داوایان لێکردم بەرپرسیی لیژنەی شارو لقی سلێمانی و لیژنەی بەرزی کچانی قوتابیان بگرمە ئەستۆ، ئەوەبوو تاچەند ساڵێک بە مامۆستاییش ئیشی قوتابیانم ئەکرد، لەدووەم کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا، کە لە رۆژانی١٠-١٩٦٥/٢/١١دا بەسترا لەماڵی کاک جەلال عومەر کە بەرانبەر ئامادەیی سلێمانیی کچان بوو نزیک گردی سەیوان، لەگەڵ مامۆستایان حەمەنوری تۆفیق و کەمال میرزا غەفوور و حەمەی مەلا حسەین و ئەکرەم فەوزی، هەڵبژێردراین بۆ سکرتارییەت و هەردووکمان و کاک حەمەنوری و کاک فوئاد قەرەداغی بووینە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئامانج، دواتریش هەر بەو جۆرە دوای سێیەم کۆنگرەی (ی.م.ک) کە لە ١٩-٢٠/ تەمووزی ١٩٦٨دا لە سلێمانی و لە ماڵی عەبدولرەحمان مەلا عومەری برای شەهید عەبدولقادر مەلا عومەر، کە لە ماڵەکەی خوالێخۆشبوو (مامۆستا ساڵح عەلی)دا بوو لە گەڕەکی قەزازەکان بەسترا، تا ١٩٧٠، هەر بەو پێیەش، لە کۆنفرانسی ناوچەی سلێمانی پارتیدا ساڵی ١٩٦٨، هەڵبژێردرا ین بۆ لیژنەی ناوچە و دواتریش بۆ کارگێڕی لقی١ (لقی سلێمانی)ی ئەو کاتە، لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠وە بە بڕیارێکی سەرکردایەتی پارتی، بەرپرسی لق و ناوچەی پارتی و رێکخراوەکانیشم پێ سپێردرا، لقێکی نهێنیم لە خۆم و هەڤاڵان جەباری مەلا محەممەد و دکتۆر محەممەد مەمەندی دانساز و ناوچەی نهێنیش لە خۆم و هەڤاڵان محەممەد سابیر و جەمال تایەر و کەمال خۆشناو و دوو برادەری تر پێکهێنا، تا ١٩٧١/٢/١٠، کە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی، لە بەغا گیرا، دووەم دانیشتن لە ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەد بوو، ناوی ئەوانە خوێندرایەوە کە بۆ تێکەڵبوونەوە لە لایەن (م.س)ەوە دیاری کرابوون، هەڤاڵان جەمال تایەر و محەممەد سابیر و عەبدوڵڵای حاجی سەعی بۆ ناوچەی سلێمانی و کەمال خۆشناو و مەحموی مەلا عیززەت و فوئاد قەرەداغی و حەمەچاوشین و ڕەفعەتی مەلا بۆ لقی (٤)، ئەوەبوو یەکسەر جەمال تایەر و محەممەد سابیر هەڵسان و کردیان بە هەرا و ناڕەزایی دەربڕین، وتیان بۆچی ناوی ئەوی تیا نییە، لە کاتێکدا لەو بارودۆخەدا کە کەس نەیئەوێرا بجوڵێتەوە و ناوی هیچ بهێنێت، ئەو هەموو بەرپرسییەکی لق و ناوچەی نهێنی حیزب و هەموو رێکخراوەکانیشی گرتە ئەستۆ و جارەها کەوتە بەر مەترسیی کوشتن و چاودێریی بەردەوام و ماڵ پشکنین و زۆر کێشە و گۆبەنگی تر کەچی ئێستا هیچ بەرپرسییەکی حیزبیی پێ نەسپێردراوە و.... تاد!!!،

لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تردا منیشیان دانابوو بۆ لیژنەی تەنفیزیی ی.م.ک، ئەوەبوو دوای تێکەڵبوونەوەیش و تا چوونە دەرەوەی ١٩٧٤یش، زۆربەی کێشەکانی تێکەڵبوونەوە و برادەرانی رێکخستنەکانی سلێمانی و گێچەڵ و چاودێریی بەردەوامی خۆم و ماڵ و پشکنین و زۆر گۆبەنگی تریش هەر بەرۆکی منی ئەگرتەوە و یەخەگیری من ئەبوو..، ئەو برادەرانەی ناوم بردن (کە لە ناوچە و لقدا تێکەڵ بووبوونەوە)، ئاگاداری هەندێکی ئەو کێشانەبوون.

دوا مەنزڵ کە پێکیەوە کۆکردینەوە لە ساڵی ١٩٩٦دا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی بو، کە بە داخەوە ناکۆکی و ناتەبایی و پێکەوە نەگونجان و هەڵنەکردنی ئەزەلیی نێوان پسپۆڕ و پرۆفیسۆرە چارەی یەکنەویستەکانی کورد، ئەو مەڵبەندەی سڕکرد و نەیهێشت بکەوێتە سەرپێ و گەشەبکات و بخەملێ و ئەرکە زانستی و ئەکادیمی و نەتەوەییەکانی جێبەجێ بکات.

ئەبێ لە کۆتایی ئەم چەند وشەیەدا بڵێم، کاکە مەحمود، مرۆڤێکی کوردپەروەر و پابەندی رێبازی پیرۆزی کوردایەتی و کاری رێکخراوەیی و مامۆستایەکی دڵسۆز و نووسەر و رۆژنامەنووسێکی توانا و لێهاتوو بە بڕشت و مێژوونووسێکی بە سەلیقە و شەیدایەکی بەڵگەنامە و تۆژیارێکی خەمخۆری ئەو بوارە کەمڕێبوارە و خاوەن هەڵوێست و راوبۆچوونی تایبەتی خۆی و لە کۆنگرە و کۆبوونەوە گشتی و کۆڕ و سیمینارەکاندا بەشدارێکی وریا و قسەکەرێکی هۆشیار و کارساز و نەخشەکێشی پێشنیاز و پرۆژە و بڕیاری دروست و گونجاو و ژیرانە بوو...، لەو پێناوەیشدا تووش و دووچاری زیندان و دوورخرانەوە و دەربەدەری و ئاوارەیی و زۆر مەینەتی هات و لە هەموو سات و قۆناغەکانی ژیانیدا، هەمیشە لایەنە گشتی و نەتەوایەتییەکەی زاڵ بوو بەسەر هەموو شتێکی تریدا و کۆچی پڕداخ و ناوادەی زیانێکی گەورە بوو لە کورد و فەرهەنگی کورد و لەدەستچوونی خەمخۆرێکی کەموێنەی خواست و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی بوو...

کوردستانی نوێ
رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٩٢/١/١٢ دا دەرچوو

خاوەنی ئیمتیاز:
د.فوئاد مەعسوم

سکرتێری نووسین:
محەممەد کەریم

سەرنووسەر:
ستران ساڵح عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیار:
مەریوان مەسعود

سوپاس بۆ هاوکاری
هەریەک لە ژینۆ عەبدوڵڵا
و کامەران سوبحان بۆ
ئامادەکردنی ئەم دوتوویە

E-mail:
hawaluraport@knwe.net
nuseen@knwe.net
www.Knwe.org

ناونیشان:
عیراق ـ هەرێمی کوردستان ـ سلێمانی
ـ شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود-
بەرامبەر باخچەی شەهید
ئەنور مەجید سوڵتان